بەرهەمی شاعیران ، نووسەران و هونەرمەندان بۆ شاعیری هەرگیز نەمری گەلەکەمان مامۆستا

# جەلالی مەلەکشا



ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە


سەرنووسەر: ک. د. ئازاد

خەزەڵوەری ٢٧٢٠

# بەرهەمی قەڵەمەکانی کوردستان بۆ مامۆستا جەلالی مەلەکشا



| شاعیر ، نووسەر.... | لاپەڕە | شاعیر ، نووسەر.... | لاپەڕە | شاعیر ، نووسەر.... | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرنووسەر | ٢ | ئێقباڵ بەرقی | ٢٢ | محەمەد سەلیم عەبباسی | ٣٨ |
| ک.د.ئازاد | ٣ | رودوس فەیلی | ٢٣ | کۆیلە | ٣٨ |
| ئەحمەد ئەحمەدیان | ٦ | خاڵند ئەحمەدی | ٢٤ | گزنگی خۆر | ٣٩ |
| ئاودێر | ٧ | زامـــــــدار | ٢٤ | فەریدەکاکی | ٣٩ |
| پژمان حەبیبی | ٨ | فەرید ڕاژین | ٢٥ | شیوا ئەمینی | ٤٠ |
| ڕەحیم لوقمانی | ١٠ | شێعری شاعیران | ٢٦ | ئەییووب کەژوان | ٤٠ |
| شەماڵ ئیسماعیل پوور | ١١ | شاهۆ موکوریانی | ٢٧ | زانا ساڵحزادە (چاوەڕێ) | ٤١ |
| ک.د.ئازاد | ١٢ | پشکۆ یاسینی | ٢٧ | کام ژین | ٤١ |
| سووتاو | ١٣ | شوان کوردستانی | ٢٨ | ک.د.ئازاد | ٤٢ |
| عابیدحسەینی | ١٣ | فەرانەک کەریم ئابادی | ٢٩ | سارێژ ڕەمەزان | ٤٣ |
| عومەر محەممەدی | ١٤ | ناتق مەجیدی (سۆران) | ٣١ | مریەم یەتیمی | ٤٣ |
| کاوە داشبەندی | ١٦ | ج.م.هەڵبەست | ٣٢ | ڕەشوەند کوردستانی | ٤٤ |
| د.قەدەمی | ١٧ | بۆکان. ئاسۆ | ٣٣ | سۆهراب مورادنیا(سیاوکام) | ٤٤ |
| ئەمین گەردیگلانی | ١٨ | ئەنوەر ناسری (ئاسۆ) | ٣٤ | عومەر ئیمام | ٤٥ |
| موحیب مەهابادی | ٢٠ | غەفوور قادری(بروا) | ٣٥ | سەیوان ئیبراهیمی | ٤٦ |
| ئاروین ئەڵماسی | ٢٠ | عەبدوڵڵا کەلی خان | ٣٥ | هادی عەلیخانی | ٤٦ |
| هاروون کوردان | ٢١ | ساسان مونفەرد(بێوەر) | ٣٦ | ماهپارە ئەمینی | ٤٧ |
| هاوار ڕۆژهەڵاتی | ٢١ | پ.ڕ.سایدا | ٣٧ | وێنەکان ئەدوێن | ٤٨ |
| هەورام پاڵنگانی | ٢١ | ع . قـــادری | ٣٧ | | |




## خوێنەرانی بەڕێز

جەلالی مەلەکشا شاعیر و نووسەری هەرگیز نەمری گەلەکەمان، داهێنەری سەدان شێعری بێ وێنە و هەزاران وشەی پڕ بایەخە.
ساڵەها لە ناومان دا ژیا و بۆ دەرد و مەینەتەکانی ئەم گەلەی نووسی.
لە ناو ئەهلی قەڵەم دا جێ پەنجەی دیارە و ناسراوە.
لە مێژووی ئەدەبی کورد دا بۆ هەمیشە وەک شاعیر و نووسەر ناوی دەمینێ! بەڵام نەسلی ئەمڕۆ زۆر کەم لە گەڵ ئەو شاعیرە و شێعرەکانی ئاشنان. ئەو جۆرە کە دەبێ کۆمەڵگای ئێمە بیناسێ و ڕێزی لێبگرێ و ئاگای لێبێ و بەرهەمەکانی وەخوێنن، بە داخەوە وانەبوو. زۆر غەریبانە ژیا.
بە قولی خۆی فەرمووی لە تەنیایی دا ژیا و لە تەنیایی دا کۆچی کردا!
پاش ڕۆیشتنی گەلێ حەسرەت لە دڵی هەموومان دا مایەوە. هەزار خۆزیا و بریامان خواست و فرمێسکمان ڕشت کە ....

ئەم تایبەتنامە کە دەردە دڵ و لاواندنەوە وشینگێڕی شاعیران و نووسەرانی کوردستانە و ئێمە کۆمان کردۆتەوە، کەمترین کارە بۆ ئەو خۆشەویستە.
مامۆستا جەلالی مەلەکشا، وەک زۆربەی هونەرمەندان، شاعیران و نووسەران، لە ماوەی ژیانی خۆی دا، وەک پێویست نەناسرا. ئەوانەی لایەنگری ئەو بەڕێزەش بوون زۆرتر لە ڕووی دەمارگیری و هەستیاری ناویان دەهێنا وکەمتریان چوونە ناو ناخی بەرهەم و شێعرەکانی و وەک شیاوی ئەو مامۆستایە،نەیانناسی!
لە کاتی مەرگیشا بە داخەوە کۆڕۆنا نەیهێشت ئەو جۆرە کە شیاوی شاعیرێکی نەتەوەیی و گەورەیە، دۆستان و لایەنگرانی بچن و تەرمەکەی بە خاکی کوردستان بسپێرن!

**هەیاران، با ئەمە زەنگێکی پڕ مەترسی بێ بۆ خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان، کە تا ئەو گەورە شاعیر، نووسەر و هونەرمەندانە لە ناومان دا ماون، ئەو جۆرە ڕێزیان لێبگرین کە شیاوی ئەوانە. چون پاش ڕۆیشتنی ئەوان نە گومبەزی سەر مەزار و نە پەیکەری تەڵا، چاری گەل و ئەوان ناکا!**

**سەرنووسەری گۆڤاری" لە داوێنێ ئاربەبا"**

**ک.د.ئازاد**

**ئامادە کردنی ک.د.ئازاد:**

## ئاوڕدانەوەیەک لە ژیان و تێکۆشانی مامۆستا جەلالی مەلەکشا

جەلال مەلەکشا سالی ١٣٣٠ کوچی هەتاوی ( ١٩٥١- زایینی) لە گوندی مەلەکشا سەربە شاری سنە لە دایک بووە. لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە.

جەلال تا پۆلی سێ سەرەتایی لە گوندی "مەلەکشا" بووە. مامی جەلال خوێندەوارییێکی تا ڕادەیێک باش بووەو شارەزایی لە ئەدیبان و شاعیران هەبووە، بۆیە جەلال هەر لە تەمەنی منداڵیەوە لە خزمەتی مامی لە گەڵ شیعر و ئەدەب ئاشنا دەبێت و دواتر هاتونەتە شاری سنە و لە تەمەنی تازە لاویدا تێکەڵی کۆڕە ئەدەبییەکانی شاری سنە دەبێت. هەر لە شاری سنە خویندوویەتی و پەروەردە کراوە.

مامۆستا جەلال مەلەکشا لە سەرەتاوە بە فارسی شیعر و پەخشان و چیرۆکی دەنووسی و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بە بێ ئەوەی کتێبی چاپکراوەی ببێ، دەبێتە ئەندامی"کانوونی نووسەرانی ئێران"

پاش ساڵی ١٣٥٧ ک.ه قەڵەمی بە هێزی بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی بە کار دێنێ و لە کوردیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێ. لە سەر داواکاری مامۆستا هێمن چۆتە گۆڤاری سروە و هاوکات لە گەڵ ( ئەحمەدی قازی و مارف ئاغایی) خزمەتێکی بەرچاوی بە زمانی کوردی کردووە و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ وەکوو نووسەر و ڕۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی گۆڤاری سروە و بە ڕاستی پەرە بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەدات، وەک بەرپرسی بەشەکانی شیعر و چیرۆک و وەڵامی نامەی نووسەران، هاوڕێ لەگەڵ ئەحمەدی قازی، سوارە فتووحی، مارف ئاغایی و دەیان نووسەری دیکە خزمەتێکی بەرچاو بە زمان و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەکەن.

شیعری جەلال وەکو ئەدەبیاتی بەرخودان دێتە ئەژمار و شیعرەکانی بوونێکی تایبەتی هەبووە و زۆربەی شێعرەکانی بەرز و جوانن و بۆ نموونە دوو شیعری «هەتا لووتکە چەندی ماوە؟» و «داستانی دارە پیرە» لە شیعرە بە ناوبانگەکانی کاک جەلالن کە لە کتێبەکەی "زرەی زەنجیری وشە دیلەکان" چاپ کراوە. شیعرەکانی جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سوێدی و..وەرگێڕدراون.

لە بواری ڕۆژنامەگەری؛ بەرلە ساڵی ٥٧لە ڕۆژنامە فارسییەکان لە تاران ئیشی کردووە وەک: کەیهان و چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە. لە کوردیشدا لە سەردەمی مامۆستا هێمن دا چووە تە گۆڤاری سروە دوای سروە کاک جەلال بۆ ماوەیەکی زۆر وازی لە چالاکی ڕۆژنامەوانی هێنا و تا حەفتاکان و پێم وایە لە ساڵی ١٣٧٨ بوو کە بانگهێشت کرا بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕۆژنامەی جام جەم (جامی کوردی) و ئەوش بڵاوکردنەوەی لاپەڕەکانی تایبەت بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و چەن ساڵ لەوێ خزمەتی کرد.

بۆ ماوەیەکیش جانتای سەفەری هەڵدەگرێت و دەچێتە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق لە گۆڤاری پرشنگ سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانی دەبێ و سەر نووسەرانی گۆڤاری پرشنگ لە شاری هەولێر دەبێ. بەڵام دیسان چارە نووس دەستی لێ بەرداوە. چەندین بەرهەمی جوانی بە یادگار لە هەولێری پایتەخت هۆنراوەتەوە، یەکێک لەوانە شیعری جوانی (ئێوارە) یە.

دواتریش لە پەیمانگای هونەرو ئەندیشەی ئەحمەدی خانی، ، لە شاری ورمێ، نووسەران و شاعیرانی تازە لاوی پەروەردە کردووە. لە شاری سنەش لەگەڵ چەند حەوتەنامە و گۆڤاردا کار دەکات. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە دڵی نەبووە و ئیدی تاقەتیشی نابێ و وەکوو کارێکی هەمیشەیی لەگەڵیان هاوکاریی ناکات.

ماوەیەکیشە بە هۆی نەخۆشییەوە ئیدی تاقەتی کاری ڕۆژنامەوانی و چالاکی فەرهەنگی نامێنی و ئیتر چەن ساڵە خانەنشینە و لە ماڵی دایکی لە سنە دەژی و هاوسەر و کوڕەکانیشی کاوە و نیما و شاهو لە ورمێ دەژین.

جەلالی مەلەکشا هەر لە تەمەنی لاوەتی و سەرەڕای ئەوەی کە هیچ بەرهەمێکی چاپکراو وەکوو کتێبی نەبوو، دەبێ بە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران، لەو کاتەدا زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی گەورەی ئێرانی لەو کانوونەدا ئەندام بوون. شاعیران و نووسەرانێک وەکوو ئەخەوانی سالس، ئەحمەدی شاملوو و جەلالی ئالی ئەحمەد و مەحموود ئیعتماد زادە و هووشەنگ گوڵشیری و کەسانی تر و ئەوان خۆیان دامەزرێنەری کانوون بوون و پاش ئەوانیش کانوون بەردەوام بوو لە کار و چالاکییەکانی و زۆربەی شاعیر و نووسەرانی توانا و ناودار ئەندامی کانوون بوون. لەو کاتەدا بابەت و نووسینی کاک جەلال لە چیرۆک و شیعر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاودەکرایەوە و لە حاڵێکدا هیچ کتێبێکی لە چاپ نەدرابوو و ڕێگە بە چاپ کردنی کتێبی نەدرابوو.

لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو ئاشنایەتی هەبووە، زۆر شتی دەنووسی و بۆی دەنارد و لە گۆڤاری جومعەدا بڵاوی دەکردەوە. زۆرێک لە شیعر و نووسینەکانی خۆی بۆی دەنارد و وەڵامی دەدایەوە. جارێکیان لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا نەمر شاملوو لە هەڵسەنگانی نووسینەکانی کاک جەلال وەکوو پێداهەڵگوتنێ لە سەری لە یەک دوو ڕستە دا دەڵێ: «مەلەکشا شاعیرێکی سادق و ڕاستبێژە و نووسین و شیعرەکانی هەر بەم شێوەیە سادقانەیە و هیوام وایە ببێت بە شاعیرێکی باش».

جەلالی مەلەکشا یەکێک لەو ئەدیبانەیە کە هەم لە دونیای شیعردا بووە و هەمیش لە دونیای چیرۆکدا. لەهەر دوو بوار کاری کردووە. بەڵام بە شیعر بەرهەمێکی جوانتر و زەریف تر و کاریگەرتری بە بەرهەم گەیاندوە و قەڵەمێکی بەهێزتری لە شیعردا بووە.

مامۆستا شێرکۆ بێکەس سەبارەت بە مەلەکشا دەڵێ: (شیعری جەلال مەلەکشا دەبێتە هۆیێک بۆ پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی،شیعرەکانی روون وبە قووەتە، لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت و بە دڵەوە دەنیشێت، ئەگەر جەلال ژیانێکی ئاسوودەتری هەبوا یە بێگومان دەکرا بەرهەمی هەرە پڕ بایەختری پێشکەشی خەڵکەکی بکات).

ماموٚستا جەلال  بێگومان لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە قەت قەڵەمی نەبردووەتە قوربانگای نان و ناو و دەسەڵات. دوو شیعری «هەتا لووتکە چەندی ماوە؟» «داستانی دارە پیرە» لە شیعرە بە ناوبانگەکانی ماموٚستا جەلالن کە لە کتێبەکەی زڕەی زنجیری وشە دیلەکان چاپ کراون.

ماموٚستا جەلال ڕۆژی شەممە  ١٠خەزەڵوەی ساڵی  ١٣٩٩ ی هەتاوی لە   شاری سنە دڵە پر هەست و ئەوینەکەی بە کوردستان لە لێدان کەوت و ڕۆژی یەکشەممە  ١١خەزەڵوەر لە ناو ئاپۆرەی عاشقانی لە گوندی مەلەکشان سەر بە شاری سنە لە تەنیشت دایکی بەڕێزی بە خاکی کورستان کرا و

بەرهەمەکان:

* زڕەی زنجیری وشە دیلەکان. (کۆمەڵەشێعر)
* کارەسات (کۆمەڵە چیرۆک)

**سەرچاوەکان:**

- شێعری "جەلال مەلەکشا" نەخۆش ناکەوێت/ یەحیا سەمەدی
- وتوویژ لە گەڵ ماموٚستا جەلال مەلەکشا لە هاوێنی **١٣٩٩**/نەسرین کەریمی




**من نامرم**

**لە ناو خوێنا ئەژێمەوە**

**وەک چووزەرەو وچرۆ لە سەر**

**کۆتەی خۆما ئەڕوێمەوە...**

**جەلال مەلەکشا**

دوکتور ئەحمەد ئەحمەدیان، زمانناس و توێژەر، مەهاباد:

## هۆ جەلالی شالووری شار و شاخ و کوێستان و لووتکە و هەڵدێر !"


هۆ جەلالی گڕ و گڕکان و بڵێسە و تۆڵە و ئاگر
هۆ جەلالی شوناسخواز و پێناسخواز و بەرگریخواز
هۆ جەلالی دەرەبەگتۆقێن، ملهوڕبەزێن
هۆ جەلالی کۆشکڕووخێن ، سەرەڕۆخەسێن
هۆ جەلالی زێڕی قاڵبووی ماکەی قەڵای بەرخۆدان و بەرەنگاری
هۆ جەلالی شێعرت کل وکلچێوکی چاوی بێچاوێنی یاران
هۆ جەلالی شێعرت باهۆزی گەردەلوولئافرێن بۆ نەیاران
هۆ جەلالی پێشەنگی خێڵی خاوەن پێنووسانی دەرووەست
هۆ جەلالی هۆزانوانی هۆزی پێخاوسی پێناسەخواز
هۆ جەلالی هەژاران و پەشێوان و قانعان و حاجی و خانی
هۆ جەلالی کۆیە و قامیشلی و دیاربەکر و سابلاخ
هۆ جەلالی ورمێ و سلێمانی و سنە و هەولێر
هۆ جەلالی هەڵۆی قەندیل و شاهۆ و ئاویەر
هۆ جەلالی شالووری شار و شاخ و کوێستان و لووتکە و هەڵدێر
هۆ جەلالی سنووربەزێن، کەوشەنڕووخێن، پەرژینپەڕێن
هۆ جەلالی پێشڕەوەکەی پێشەنگانی ئالاهەڵگر
هۆ جەلالی ڕچەشکێنی نەیارتەزێن ، نەتەوێبەزێن
هۆ جەلالی سەیدای هەڵوێست ، شەیدای هەستان
هۆ جەلالی شێعرت هۆی ڕاسان و گرێی مستان
هۆ جەلالی کاوەکان و شاهۆکان و نیماکان و هیواکانمان
هۆ جەلالی دادە بەهیە و دایە ئامین
هۆ جەلالی دادەکان و دایەکانی ئەوڕۆ و دواڕۆژ
هۆ جەلالی سروە و پڕشەنگ،کارەسات و زڕەی قەفی زنجیرەکانی وشەی دیل
هۆ خاڵۆی ڕێبواری کیژ و کوڕی گەلی داماو
هۆ ماندووی ماندوویی‌تارێنی چاخی‌پەژارەی هەرماو
تێرتێر ،تۆخوا ، بحەسێوە لە باوەشی خاکی دایکا
تێر تێر،تۆخوا، بحاوێوە لە ناو ڕایەخ و پێخەفی هەردی پاکا
تێر تێر،تۆخوا ، ئۆقرەبگرە لە ناو لانکەی زەوی پاکژی زێدەکەی دایک و باوکا
هۆخاڵۆی ڕێبواری کیژ و کوڕی گەلی داماو
هۆ ماندووی ماندوویی‌تارێنی چاخی پەژارەی هەرماو

دڵئەرخەیان بە و دڵنیا، دڵحەساوە و ئۆقرەگرتوو
تاهەتایە چەپکەگوڵی شێعری نەژاکاو و هەرمانی تۆ
خەملێنەرن بە بەرۆکی کیژ و کوڕی ئۆگر و گراوی تۆ
چەپکەگوڵێ پشکۆی ئاگردانی بەرەنگاری و
چەپکەگوڵێ چرای ئاسۆی داهاتووی گەشی گەل
چەپکەگوڵێ چرۆی ڕسکان و ڕوان و ڕاپسکان
چەپکەگوڵێ چقڵی چاوی نەتەوییان و نەیارانی نەتەوە بێ
چەپکەگوڵێ، چرۆی پشکووتووی ئاواتی دێرینمانی لەناوا بێ
چەپکەگوڵێ، باغی وەبەرهاتووی هیوای گەلی بەدوادا بێ

**ئاودێر:**

## بۆ جەلال مەلەکشا

زۆر ئەترسام
وا زوو نەڕۆی
ئاخر خەڵکی ئەم وڵاتە
بە مردوویی خۆشیان ئەوێ



**کاری هونەرمەند: حامیدی ڕەزایی**

پژمان حەبیبی:

## چی مامۆستا جەلال مەلەکشای کرد بە شاعێری نیشتمان؟

دوای کۆچی دوایی مامۆستا جەلال مەلەکشا زۆرێک لە لایەنە نارِوونەکانی ژیانی مامۆستا لە لایەن خەمخۆرانی نیشتمانەوە بۆ خەڵکی کۆمەڵگا روونکراوەتەوە، ئەگەری هەیە زۆرێک لە دۆستان تەنیا و تەنیا مامۆستا جەلال بە شێعرەکان یا چیرۆکە لە چاپدراوەکانییەوە بناسن و کەمتر چاودێری نووسینە رِۆژانەکان و هەڵوێستی ئەو بەرِێزە لە کاتە هەستیارەکاندا کردبێت. وەک نووسەر و رِۆژنامەوانێک شێعر بە چەکێکی زۆر کارتێکەر لە سەر چۆنیەتی تێفکرین و رِوانینی خەڵکی کۆمەڵگا بۆ پرسە جیاجیاکان دەزانم، چونکە لایەنگری تەواوی شاعێرانی مرۆڤدۆست، ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرم زۆر وردبینی بۆ هەڵسووکەوت و تێرِوانینی شاعێران لە بۆنە نەتەوەییەکان و پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستاندا دەکەم، بە خۆشحاڵییەوە ئەمرِۆ پتر لە مێژوو شاعێری نیشتمانپەروەرمان هەیە و بە رِاستی زۆرێک لە شاعێران سامانی لە بن نەهاتوو و هەرە گرنگی کۆمەڵگای کوردەوارین. چاوخشاندنێکی خێرا بە ژیانی مامۆستا جەلال زۆر بەرِوونی دەریدەخات کە هەموو تەمەنی وەک چالاکوانێکی لێهاتوو و تێگەیشتووی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە هەموو دەرفەتە هەستیارکانی کوردەواریدا بە شێعر چالاکی نواندووە و هیچکات بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی تایبەت بە خۆی، پشتی لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نەکردووە، بۆ نموونە لە کارەساتی ١٦ ئۆکتەبەری باشووری کوردستاندا، زۆربەی هەرە زۆری شاعێرانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری رِۆژهەڵات شێعریان بۆ مامۆستا جەلال نووسی کە ئیتر کاوەی کورِت بە جانتاکەیەوە مەنێرە بۆ سلێمانی، سلێمانی ئیتر ئەو سلێمانییە نییە کە تۆ چاوەرِوانیت لێدەکرد. بەڵام مامۆستا جەلال چوون لە کوورەی پێشهاتە کارەساتبارەکانی کوردوستاندا برژیابوو، زۆر بەجوانی و هەستیارانە وەڵامی شاعێرانی نیشتمانپەروەری دایەوە:

"سلێمانی وەک خۆی ماوە.
گەلی یاران و برادەران
"چل ساڵ پێش لە ئێستا شاری سلێمانی
ژینگەی پیاوی گەورە و مەزن،
گانگای سەرهەڵدانی خەبات، کوورەی پرِ تینی شۆرِش بوو
ئێستاش وایە و هەر وا ماوە...!"
چل ساڵی پێش،
هیوام چوون بۆ ئەم شارە بوو
خۆم بەند کرام
کاوەی کورِم
بەدیهێنەری هیوام بوو
سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانی

جادەکانی بێوچان پڕ زایڵە و ڕایڵی
پێوەندی شۆڕشگێر، بەرەو ئازادی
بەردەوام
دەم بەهاوار و خرۆش بوو ..
ئێستاش جگە دوو سێ ناکەسی
بوودەڵە
سەرپاچی هەر وەک جارانە و نەگۆڕاوە
کاوەی کوڕم جارێکی کەش هەر بۆ سلێمانی ئەچێ
ڕاستی گەل و، خاکفرۆش تاوانبارە یا خاک!؟
سلێمانی وەکوو جاران
هەر سواری کەحیلانە و دانابەزێ
دایکی ئەم شارە پیرۆزە
ڕۆژێ دەیان مامەڕیشە و شەهاب ئەزێ
ئێوە و خواتان
خوێ بە برینی سارێژدەبووی ئەم شارە تازیەبارە مەکەن
ئێتر چەمۆڵەی لێ مەنن
بە سەرمانا بەردەقارەمان دەبارێ
دوو سێ خاسە جاش چاوشی پیرەپنۆک نابن بە پێناسەی شارێ....."

هەڵوێستە جیاواز، لۆژیک و زانستییەکانی مامۆستا جەلال لە بۆنە و پێشهاتە جیاجیاکانی مێژووی کوردوستان لەم پەنجا ساڵەی ڕابردوودا، پشتنەکردن لە هێماکانی نەتەوەکەی لە هیچ بارودۆخێکدا و والابوونی درگای ماڵیی بۆ هەموو شاعێرانی گەنج و ئامۆژگاریان وەک دۆستێکی نزیک لە خۆیان، سێ وانەی گەورەی ژیانی مامۆستا جەلال مەلەکشایە کە مامۆستای کرد بە شاعێرێکی نیشتمانی و دەتوانێت ببێتە هێمایەک بۆ ژیان و شێوازی هەڵسووکەوتی شاعێرانی ئێستا و داهاتووی کوردستان لە کاتە هەستیارەکاندا.

**ڕەحیم لوقمانی:**

## بێزار

دێوسامی شەو
بە سەر مانگ و ئەستێرەدا هەنگاو دەنێ
تاریکستان،
بە زەردوویی روخساری خۆر پێدەکەنێ
جەمسەری ڕێ لە ناو گەرووی
ئەژدەهایە
چاوی دەریا،
مەیدانی تۆڕەوانیە و مەرگی ماسی
ئۆقرەم، دەریایەکە هەڵچوو
لرفەی رووباری دەمارم
چیای دڵم رادەژێنێ
لە سەر لووتکەی شیعرمەوە
توورە بوونی گڕکانێکە
دڕک و داڵی وشکە یاسای
چەقی ڕێمان دەسووتێنێ
ئەی هاوڕێکەم!
هەتاو و ئەستێرە و ڕێبوار

لە کۆنە دێوی خێوی شەو
لە چاوە گورگی دەوری ڕێ
بێزار بێزار
وەکو ئاگر لە ئاگردان
هەڵۆی وشە،
لە هێلانەی دڵی شاعیر
پەپوولەی سۆز،
لە گەرووی خنکاوی تەنوور
ئەی هاوڕێکەم!
لە ئاستی تۆ و
قاقای شەو و دەریای نوستوو
زرێبار و وان و ورمێ
توورە و بە کوڵ
رووبار رووبار
لە دەروونی منا ئەژین
لە چاوانی منا ئەگرین

ئەم شیعرەم بۆ وەڵامی نامەی هاوڕێم جەلال مەلەکشا نووسی، کە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٠ لە زیندانی «ورمێ»وە بۆی ناردبووم.
٧٠/١١/٢٣ سەقز

شەماڵ ئیسماعیل پوور:

# جەلال مەلەکشا قەڵەمێکی پڕ هاوار

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران هەر ئەو کاتانەی که بێ کتێبی چاپ کراو و بێ بەرهەمی به کتێب کراو دەبێته ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران، نیشانه و هێمایه بۆ چالاکی و ئەکتیڤ بوونی جەلالی مەلەکشا. ئەو شاعیر و نووسەرەی که ئێستا یەکێک له قەڵەمه پڕ هاوارەکانی گەلی کوردە. جەلالی مەلەکشا له دوو بواری شیعر و چیرۆکدا بەرهەمی هەیه، وەکوو بۆ خۆی دەڵێ ئەو کاتانەی توانیویەتی به وشەی سێحراوی و کورت و پرهەست مەبەستی خۆی دەربڕێ چۆته هەواری شێعرەوە و کاتێکیش به بابەته دوور و درێژ و ئاو هەڵگرەکانەوە خەریک بووە، له چوار چێوەی چیرۆکدا خۆی دیتۆتەوە. ئەو پێی وایه بۆ نووسینێکی پتەو چیرۆک شیاوترە.

ماموستا جەلال بۆ ئەخلاق و دەردی خەڵک و ئازادی کۆمەڵگا دەنووسێ . شاعیرێکی ئازار دیتووە . هەمیشه ئازار بەشێک له ژیانی داگیر کردووە . تەنانەت ئەو کەسانەی که له نزیکیشەوە نەیناسن به بەرهه مەکانیدا پەی بەو ئازارانه دەبەن و هەستی دەکەن. جەلالی مەلەکشا شاعیری عەشق و مێهرەبانییه، قەلەمێکی عاشقه و هەرگیز بۆ نان و ناو هەڵنەسووڕاوە. ئەو دەڵێ مرۆڤەکان یان عاشقن یان بازرگان. بۆ خۆی ئاشقێکی بێ بەراتی ئاو و خاک و نیشتمانه. سەوداسەرێکی کەم وێنەیه ؛ شەلاڵی خوناوی سپێدەی ئەوین؛ رێبوار ئاستەنگه ڕێ و دەرویشی خانەقای خۆشەویستییه . له نێو ئەو هەموو خوێن و شەڕ و نائارامی و بێ بەشی و خانەخەرابییەدا، له دووی ئاشتی وێڵه و ئاشتیخوازێکی لاشەڕە. هەر وەک خۆی دەڵێ لەم کۆتاییانەدا له فەلسەفەیەکی قوڵی ژیان ڕۆچووە و زۆرتر باس له مەرگ و ژیان دەکا . له شێعری هەتا لووتکه چەندی ماوەدا خۆی وەک سێزیف دێته بەرچاو و له رەنجێکی ئەبەدی دەدوێ. ئەو رەنجەی که مرۆڤ بەردەوام بۆ به لووتکه گەییشتن به گیان کڕیویەتی.
ئەم شاعیر و نووسەرە مەزنه ماوەی سێزدە ساڵ ئەندامی نووسەرانی گۆڤاری سروە بووە و وەک ڕۆژنامەوانێکی لێزان خزمەتی به فەرهەنگ و ڕۆشنبیری گەلەکەی کردووە. له ماوەی ئەو ساڵانەدا له گەڵ هاوکارانی له سروەدا ، ماموستای قوتابخانەیەک بوون که سەدان لاوی کوردیان پێگەیاند و شۆڕشێکی فەرهەنگی بەرچاویان هێنا ئاراوە. ئەم خزمەته هێنده بەرچاوە که بۆ هەتاهەتایه ناوی جەلالی مەلەکشا به بەرۆکی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە دەمێنێ.

جەلالی مەلەکشا شاعیرێکی زۆر خوێندەوارە و له زۆربەی ئەفسانه و ئوستوورەکان دەزانێ. زۆربەی ئەو زانستانه له شێعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەشیک له شێعرەکانیشی ئاوێنەی تراژدیای عەشقن . ئەو عەشقەی که شاعیر هەرگیز سڵی لێ نەکردووە . ماموستا جەلال هەمیشه بۆ خزمەت و فەرهەنگی خۆی دەرووەست و خاوەنی دڵێکی گەورە بووە . ئەم دڵه گەورەیه ئێستا به ئازار و دەردی نەخۆشییەوە دەتلێتەوە و له داوێنی ئاویەری وەک خۆیدا دیسان چاوی له لووتکەیه و بەردەوام دەپرسێ تا لووتکه چەندی ماوە؟ خۆزگه زایەڵەی دەنگی پێی مەرگ، له داڵانی دلییەوە نەیەت و هەنگاو هەنگاو بگاته لووتکه.

ک.د.ئازاد:

## کۆچ

چیتر لە لووتکە مەپرسن:
بۆچی هەڵۆ
لەم کوێستانانە تۆراوە؟
لە من پرسن
پێتان دەڵێم:
جێیەک خەرتەل
بیکا بە شوێنی خوێنمژی
هەڵۆ پێی شەرمە لێی بژی!

## بۆ هاوڕێم جەلالی مەلەکشا

وەک چۆن ئازادی نامرێ
تۆش نامری!
هەموو ڕۆژێ
بە باڵی شێعری ئاگرین
بە چوار پارچەی کوردستانا ئەگەڕێی و
سەردانێکی سولەیمانی و
مەهاباد و
هەولێر ئەکەی
لە قەراخی گۆلی ورمێ پشوو ئەدەی!
سەرێک لە کۆڕی شاعیران ئەدەیەوە
لە گەڵ هەموو قەڵەمەکانی دەرووەست دا
جارێکیتر
پەیمان تازە دەکەیەوە!

**سووتاو:**

به ڕاستی پڕلــــــــــه دەرد وپڕ لە ژانم
لەبەر کـــــۆچت بەرەو مەرگ و نەمانم
گەرووت پڕ خـــــوێنە بۆ دەردی وڵاتت
ئەتۆی بۆ گـــــەل ورەو وهێزی خەباتت
دەناڵێنی ووەکوو نەی بۆ گـــــەلی کورد
چریکـــــــەت پڕ لە ڕازە بۆ گـــــەلی کورد
بە ڕاستی کۆچی تۆ زووبوو جـــــەلالم
ئەتۆ بـــــووی لا دەری دەرد ومـــــەلالم
هەسێرەی پڕ شکۆی کورد بووی دەزانی
ئەتۆی بۆ میللەتی خـــــۆت جاودانی

**عابیدحسەینی، ئەنجومەنی ژیار شاری ساحێب:**

ماڵئاوا ئەی ترۆپکی شێعر و هەڵبەست،
ئەی هەناسەی وشەی دیل،
ئەی کاروانی ڕەوتی جوانی،
ماڵئاوا، ئەی زڕەی زنجیری وشە دیلەکان،
ئەی بریسکانەوەی کڵپە ،
خۆڵەمێشی ژیلەمۆی پیرەدارەکات بە ناخی بنچکەکاندا، دەوەن دەوەن دەتخوێنێتەوە، دەچێتەوە ڕسکان و چرۆی سەربەستی بەناخی ڕەگ و ڕیشەی پڕ پڵپڵەی دیسانەوەی هزرەکان لە گڕکانی سەربەستی دەشەکێتەوە،
خۆری بەیان دەم دەنێتەوە ناو لق و پۆپی چنارە شاگەشکان،پیت و وشە و ڕستە لە بوونت مەست دەبن،
ئەی برینی بێ سارێژی نیشتمان،
ئەی بێ پادشا چکۆلانەکە،
ئەی بێ بستە خاکە بێ دەرمانەکە،
تۆ نامری ، ڕوایتەوە، چوویتەوە کاروانی کەللە پڕ لە شۆڕشەکەی حاجی قادر و بە هێمنی لە ناخماندا چکەرەت کردەوە ،بووژانەوە ، هەستانەوە، بێ سانەوە، پەیتا پەیتا دەنەی نەمرییت دەدەن.
ئەی کاروانی لە بن نەهاتووی ئاواتە تاڵەکان، ڕێگت، پێگەت، مۆمی هەڵکراوەی کوێرەڕێکانە و تروووسەکە دیارە، ئاسوودە بنوو، هەنییە لە سەر خۆڵە مێشی پیرە دار دابنێ و دوور دوور لە ئێمە بنوارە ئەی هەناسەی ئازار چێشتوو، ئاسۆ ڕوونە ئاسۆ ڕوونە.

**عومەر محەممەدی:**

## تەمەنێک شانازی بۆ قەڵەمێکی سەربزێو

ئەوقەڵەمە
هەورە تریشقەیەک بوو
لە شۆڕشی چیرۆکی ژانەوە باڵی بەئاسمانی کوردستان کێشاو
ڕووباری خستە سەر چۆک و
لووتکەی کرد بە مەشخەڵانی گڕو
دارو دەوەنی کردە پشتێنەی سەوزی گەوەو
جامانەی خستە ملی مانگ و
شیعری کردە گمەی کۆترو
ئاگردانی چەکی پێشمەرگەی بەوشەی گڕ نێڵ داو
هەرچی وشەی فرمێسک و خۆشەویستی بوو
کردی بە مراوری پڕشنگ زێوینی بەفرو
لەگەڵ نەرمە لەنجەی  شەنگەداری ئاویەر
کردی بە تابلۆیەک شیعری بەرگری خوازانەو
بەدیاری بەسروەی ئەسپارد هەتا
هەموو بەیانی و ئێواران زەریای ورمێ بیخوێنێتەوە
ئەو قەڵەمە سەربزێوە
لە سینکی خاکا
هیچکات ژەنگی بەزینی بە خۆوە نەگرت
لە مەتەرێزی تۆڵە
لە گەڵ دەنگی چەک ڕاپەڕی و
،،زنجیری وشە دیلەکانی،، پچڕاندو
تەل و دڕووی سنووری ڕامالّی و
ئیتر لەو ڕۆژەوە
سینگی جەلال مەلکشا هێلانەی ئەو باڵندانە بوو
کە سنووری هیچ ئاسمانێکیان نەدەناسی و
بەیاڵ و ڤژی کوردانەوە
گەرمترین پەیڤی سۆزداریان بۆ وڵات دەچڕی
دوێنێ مەرگ بە هێبەتەوە
لە ،،مەڵەکشا،، چۆکی دادا هەتا
جەلال جڵەوی ئەسپی خۆر بەدەستەوە بگرێ و
ئاڵایەک تەمەنی شانازی و
بەستەیەک شیعری ،، کورد نامرێ،،
بۆ خودا بەرێ

**عومەر محەممەدی:**

## بیرەوەرییەک لە گەڵ مامۆستا جەلال مەلەکشا

ساڵەکانی حەفتا لە سەر و بەندی چاپکردنی پەخشانی ، ،ئاسۆی ، ، قەڵەم دابووم بۆ ڕابۆچوونی مامۆستا جەلال مەلکشا لەسەر چاپی کتێبەکەم چووم بۆ گۆڤاری سروە لەوێڕا بۆ شام لەگەڵ مامۆستا چووین بۆ ماڵیان، ژوورێکی زۆر خۆماڵی و خۆمانەی هەبوو دوای شام گوتم مامۆستا بۆیە هاتووم ئەو کتێبەم هێناوە خزمەتتان دەمهەوێ ئەگەر شیاوی چاپکردن بێ لە ڕوانگەی جەنابتانەوە چاپی بکەم یان نا، ئەگەریش شیاوی ئەوە نییە ڕک وڕاست پێم بڵێ زیاتر کاری بۆ دەکەم فەرمووی یەک دوو پەخشان بخوێنەوە منیش کە پەخشانەکانم لە دەفتەرێکی دەستخەت نووسرابوو یەک دوو پەخشانم لێ خوێندەوە دوای خوێندنەوەکەم، مامۆستا کەمێک وێستا و زۆر لە سەرخۆ گوتی : ...، ،هەوڵ بدە لە نووسینەکانتدا زاراوەی ناوچەیی کەمتر بە کار بێنە پەخشانەکانت لە بابەت وشەی ڕەسەنی کوردی ڕێک وپێک وجوانە و ...، (مامۆستا بەم پێشنیار و سرنجەی خۆی هێزێکی باشی وەبەرنام پەخشان بنووسم) دواتر نامەیەکی بە دەست و خەتی خۆی نووسی گوتی بڕۆ لەتاران بیدە بە کاک فارووق بۆرەکەیی ئەودەم ئاغای بۆرەکیی ئەرکی پێشنیار و لێکۆڵینەوەی لەسەر کتێبەکان دەکرد و دواتر ئیزنی چاپ بۆ کتێبەکان دەهاتەوە من کە چووم بۆ تاران بەداخەوە نەمتوانی فارووق بۆرەکەیی ببینم چونکە جار وبار دەهات بۆ وەزارەت لەوێ حەواڵەی ڕەزاییەیان دامەوە گوتیان تازە نامەمان بۆ ئوستانەکان ناردووە هەر لەوێ چاویان لێبکەن خولاسە والێهات کتێبەکە بۆ مجەویز بچێتە کوردستان و لەو بڕیاری چاپی بۆ بدرێ ئەودەم نەمدەزانی چۆناچۆن بیدەم بە ناشرێک و هەر خۆم وەدوای کەوتم دیارە تایپەکشی بەڕەحمەت بێ نووسەر و چیرۆکنووسی سەقزی بەڕێز عەتا بەرفی تایپی کرد بڕیارە بوو مامۆستان پێشەکییەک بۆ کتێبەکە بنووسێ کە بەداخەوە سەروبەندی هەڵوەشاندنەوەی سروە بۆ لە ورمێ، دواتر دەفتەری سروە بۆسنە ڕاگوێزرا و کتێبەکەش بێ پێشەکی چاپکرا. دەمهەوێ ئەوە بڵێم

ئەمە بیرەوەری بەنرخی مامۆستا ، ،جەلالی مەلەکشایە کە ئەودەم وەک دەستەی نووسەرانی سروە کاری دەکرد و لە بەشی ڕێنوێنی شیعردا بابەتەکانی تازە نووسەران و شاعیرانی هەڵدەسەنگاندن، مامۆستا جەلال پیاوێکی بێ ئیدیعا بوو خۆی بەزۆر نەدەزانی ، دڵ و دەروونێکی فرەوانی هەبوو، هیوادارم خودای گەورە ڕۆحە مەزنەکەی ئەو کەڵە نووسەرە شاد بکاو بنە

**کاوە داشبەندی:**

## " نامەیەک بۆ مامۆستا جەلالی مەلەکشا "

هاوڕێم جەلال بۆ کوێ دەچی؟
بۆ کام دیاری بێ خەفەت؟
بۆ کام شاری بێ ئاژاوە؟
ئاخۆ بڵێی ئەو دیارەی
تۆ هەنگاوت بۆ داناوە
لەویش خاکی وڵات بدەن
بە چۆڕێ چڵکاوی بۆگەن؟
لەوێش بڵێی قەڵەمەکان
دڵۆپ دڵۆپ خوێن بڕێژن
بۆ زامی دایکی نیشتمان
لەوێش بڵێی دەفتەرەکان
بە ئامێزی ئاواڵەوە
بۆ پێشوازی شاعیرێکی
بێ کەس بڕۆن؟
هاوڕێم جەلال
ئاخۆ بڵێی
ئەم وڵاتەی کە تۆ دەچی
شەرەف لەوێ بە نانێک بێ؟
زانا گیری نەزانێک بێ؟
لەوێش مەرگ و ژیانێک بێ؟
هاوڕێم جەلال
ئاخۆ بڵێی
ئەو خودایەی باسی عەدڵ و
دادی دەکەن
بە گەورەیی ناوی دەبەن
بێ گوێبیستی هاوارت بێ؟
یا بینەری ئازارت بێ؟
هاوڕێم جەلال
هەروەک لێرە
سەری بەرزت نەوی نەکرد
سەر هەڵێنە دەنگ هەڵبڕە
بە خوای عەرز و زەوی بڵێ
لە زێدی من
نانێک نرخی ژیانێکە
ژیان مەرگ و نەمانێکە
ژین بۆ ئێمە تاوانێکە
تاوان تەنیا زمانێکە
هاوڕێم جەلال
دەنگ هەڵبڕە پێیان بڵێ
بە زمانی خۆت بە بێ شەرم
بڵێی تاوانی من چ بوو
لە سەد لاوە دەباری بۆم
لە ماڵی خۆم گوللەی گەرم
ڕۆژان گلاوی خەم و دەرد
شەویش ئازار لە ژوور سەرم
هاوڕێم جەلال
پێیان بڵێ بێن سەیر کەن
لە سەر کورسی با بێنە خوار
تەنیا ڕۆژێک ببن بە کورد
ئاوارە بن ئەنفال کرێن
ڕاویان بنێن لێرە و لەوێ
ببنە کۆڵبەر بڕۆنە شاخ
گوللەی گەرمیان وەبەر کەوێ
ئەمجار لێمان حاڵی دەبن
دەڵێن کوردە تۆ چیت دەوێ؟
هاوڕێم جەلال
پێیان بڵێ
لێرە کۆرپە چاوەگەشەکان
دڵیان پڕی پڕی خەمە
لێرە شادی بزر بوو وە
قاقا و کەنین ڕەنگی کەمە
چیتان پێدام دەوەدەمەوە
بەس ناڵەیە ئەوەی هەمە
هاوڕێم جەلال
پێیان بڵێ
لە سەر زەوی واتاکانی
ئاگر و دۆزەخ، بەهەشتی
خوام
بینیوە من
دۆزەخ بۆ من ئەو کاتە بوو
ئێوە واتانزانی ژیانە
بەهەشتیشم لێرە و لەوێ
تەنیا خاکی کوردستانە

**د.محەممەد  قەدەمی:**

## «بۆ جەلال مەلەکشا»

خوا عافووت کا ؛ئەی مامۆستا!
ئەی خۆشەویست؛ ئەی مەلەکشا!
ناوت بەرز بوو لە ناو گەلا
جەلالەتت ،وەکوو سەما!
چون بە هەژاری و سەربەستی
هەر دەتکرد تۆ ،کورد پەرەستی!
شەرەفت بەرز بوو ،کاک جەلال
بۆ پرسی کورد وەکوو حەلال!
بەر گاراجی سنەت فەرموو
بۆ سلێمانی ؛خۆ کەس نە چوو!
ئەو ئاواتەت بردە گۆڕۆ
ئێمەش دەیبەین!هاوار ڕۆ ڕۆ!
هاوار بۆ کوردی بێچارە
بۆچی وا ڕەنجی خەسارە؟!
ئاواتم بوو لە پیریدا
جارێک بتبینم با سەفا!
بۆچی وا زوو جێگەت هێڵاین؟!
باوک و برام!؛لە یەک خێڵاین!
خێڵی کوردی نەحەساوە
لە ناو ئەم دنیا خراوە!
ویستم بۆت دا نێم شێعری نوێ
وتم نەوا بە دڵی نەوێ!
بۆت ئەخوێنم قورعان جەلاڵ
چەبکەم نیمە و دەسم بەتاڵ!!
قاتیم کردگە تازە و کۆنە
پیر بووم ئەکەم ڕاوە سۆنە!
کورد ڕاوە بازی گەرەکە
شاعیری شازی گەرەکە!
وەک تۆ تازە کوا ئەوێتۆ؟!
کوا بە ڕێگای توا ئەچێتۆ؟!

**ئەمین گەردیگلانی:**

## بۆ هەست و دڵی جەلال مەلەکشا

شیعر ، شنەی بای وادەیە
پڕیەتی لە هەست و سۆز و ژیانەوە
شیعر ، گوڵاڵەی بەهارە
پڕیەتی لە بۆن و عەتری گەشانەوە.

شیعر ، ئاگری نەورۆزە
ئەشق و تین و ڕووناکی دەبەخشێ بە ژیان
شیعر ، ڕووگەی ئارەزووە،
ئۆخژنی سەوزی هیوایە
ئۆقرە و چێژ دەبەخشێ بە گیان،

شیعر کۆلکەزێڕینەیە
لە قەندیلەوە تا شاهۆ
لە ئاگری تا داڵاهۆ
پردی ڕەنگاڵە دەکێشێ
دڵی بێستوون و تەرەغە و ناڵشکێنە
پیرەمەگروون و ئاربەبا
لە شەکراوی شیلەبزەی
تیشکی هەتاو هەڵدەکێشێ.

شیعر ، خەیاڵی دڵێکی پڕ هیوایە
لە نێو سنگی مەلەکشادا دەشنێتەوە
شیعر ، پەپوولەی تاسەیە
لە سەر سەری جەلالە دڵ خەمبارەکەی
کێوی ئارێز و ئاویەر دەخولێتەوە.

شیعر ، هەنگێکی تینووە
بۆ شیلەی هەستی شیرینی خەیاڵی جەلال دەگەڕێ
پەپوولەیەکی ئاشقە
لە سەر گوڵی دڵی سیسی

ئەویندارە غەمگینەکەی
شار سنەی دەلال دەگەڕێ.

شیعر ، مەلێکی کۆچەرە
باڵی لە شەونمی ڕوونی ئەستێرەکان هەڵکێشاوە
شیعر ، دڵی مەلەکشایە
لەگەڵ هەموو ئازارێکی وڵاتەکەیدا گریاوە.

**ئەمین گەردیگلانی:**

پاشی تۆ لەگەڵ خەمت دەبێ چۆن هەڵکەم؟
تاریکە دڵم چرای هومێد چۆن هەڵکەم؟
تۆ ڕۆحی منی بە تۆوە بوو ژینی من
بێ تۆ چییە ئەم جەستە سڕ و بێ کەڵکەم؟

**موحیب مەهابادی:**

قسمەتی شاعیر هەتاکەی هەر خەیاڵ و حەسرەتە؟
بۆ هەتا نەمرێ، لەسەر ئەم خاکە وا بێ قیمەتە!
ئەو مەلەکشایەی کە ئێستا وا دەکەن یادی بە تین
داخەکەم خۆشی نەدی لاتان هەتا مابوو لە ژین
عەیبە ئەی میللەت بەسە مردووپەرەستی تابەکەی!
تا هونەرمەندی تۆ زیندوون بۆ دەبێ یادی نەکەی؟
ئەودەمەی پیوێست بوو ئەم خەڵکە بەدڵ دەستی نەگرت
ئاخ گەلم شایانی ئەو ڕێزی ورە و هەستی نەگرت،
ئیدی پێم سەیرە دەتوانن چۆن بنووسن پرسە بۆی؟
تازە فەرقێکی نییە دوای کۆچ و مردن پرسە بۆی!
چوو لە دەست ئەو هۆنەرە تێکۆشەرە و ئیتر نەما
شاعیری تر ماون ئێستاش وا بە ژینی ئەستەما
تاکوو زیندوون بگرە قەدریان زۆر غەریب و بێ کەسن
شێعری وان ئازادی دێنی و بۆ جیهان فریادڕەسن .

**ئاروین ئەڵماسی:**

## ئازادی

ساڵە های ساڵە
لە زیندانی ژێر دەستی
کوردوستانم
زنجیر لە گەردن ئاڵاوە
و تک تک ڕۆژ ژمێری ئازادی
لەسر جەستەی خۆی ئەتاشێ
و هاوار ئەکا
بەڵام هەتا ئەو ڕۆژە
قەڵەم کۆتە
وشە ماتە
دێڕ خنکاوە
شێعر ئەنفال کراوە
بۆ هەڵفڕینەوەی
مەلی سپی ئازادی
کوردوستانم

**هاروون کوردان:**

**بۆ یادی مامۆستای نەمر، مامۆستا جەلالی مەلەکشا**

ئەتۆ ڕۆیشتی و کاروانەکەت لە نووتەکی ئەم ڕێگەدا وا بەجێ هێشت
ئەم کاروانە هەتا لووتکە زۆری ماوە و زۆر بێدەنگە
تاریکی حوکمی موتڵەقە و
تا هەتایە شەوەزەنگە
ئێمە نیشتەجێی هەوارین
بەتەمای مەشخەڵی نوورین
ئێمە دەردی بێسنوورین
هەر دەڕۆین و ڕێ دەپێوین
بەڵام بە ئاسۆوە دوورین
قەت بە دڵماندا نەهاتووە
کە تۆ ڕۆیشتووی، لێمان دووری
هەتا ئێستاش هەر چاوەڕێین
تۆ هەتاوی، مانگەشەوی
تۆ پاشای وڵاتی نووری
وا نەزانی لێمان دووری
ئوقرە دەگری هەناسەمان
دڵنیا بە ئەتۆ زیندووی
تۆ هەڵفریت بەرەو لووتکە
بەرەو ئاسمان
مردوو ئێمەین
وا لە پێدەشتی لووتکەداین

**هەورام پاڵنگانی:**

سنوورەکانت دیاری کرد بەقەڵەموو واتەو مەقام
لەسەر ڕێبازی گەشی تۆ هاتوونە تە سەری شەقام
دۆێنێ شەو کوێستانەکەت بو بە بێشکەی ئاواتەکەت
لەناو گڵپەی ئاگری سوور چویتە باوش باوانەکەت
تو دلۆپی خۆینی گەشی هەژاران بووی
تۆ ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی نیشتمان بووی

**هاوار ڕۆژهەڵاتی:**

**"بۆ مامۆستا مەلەکشا"**

ئەی خـــــــاوەنی بیـــــــر و هـزر
ئەی پێشمەرگەی پێنووس بە دەست
ئەی ڕێبـــــــواری ڕێی ئـــــــازادی
ئەی مامۆستـای ژێـــــر و پڕ هەست
ئەی یادگاری سنـــــــــەی شەهیـــــد
ئـــــــەی شۆڕشگـێڕی بێ دەروەست
لە دوای کۆچت پێنـــووس لـــــەرزی
فێـــرگەی ئەدیبان بوو بێهـــــەست

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە (تایبەت بە مامۆستا جەلالی مەلەکشا)

**ئێقباڵ بەرقی:**

## بۆ برا و دۆستی ئازیزم جەلالی مەلەکشا

ئەی باوکی دڵسۆزی شاهۆ
ئەی تۆپشت وپەنای کاوە
تۆهەزاران نیمای بۆمان
زوێرمەبە و
ڕێگا ببڕە
تاگەییشتن بە ڕزگاری
ڕێگایەکی زۆرمان ماوە

**خـەمــبــار:**

شەو و ڕۆژم خەیاڵی تۆ بوو جاران
بە ڕۆژ داخ و شەوم ڕۆڕۆ بوو جاران
هەتا تۆ بووی لە شانم چەشنی لەیلا
خەمی ڕێگام سەری ئاسۆ بوو جاران
لە دەرکی حەوشەکەی ماڵت گوڵاڵەم
لەشی ماندووم لە هات و چۆ بوو جاران
لە مەیخانەم شتن دەستنوێژی مەستی
دڵم شەش دانگ لە گەڵ ئەنگۆ بوو جاران
پڕی پرس و وڵامی خۆم لە خۆم دا
لە بەر شاییم بە خۆم وتۆ بوو جاران
بە شەش دانگی جیهانیشم نەدەفرۆشت
دڵێک لای تۆ و لەمن نامۆ بوو جاران
هەمیشەی خوا سەر و دڵ شاد و بێ خەم
کە عەشقی تۆم لە سەر تاپۆ بوو جاران

## رودوس فەیلی "مصطفی بیگی":

## سنوورەکان داخروومیان

سان
سان
سان
چەن بنسان لایە
چەن سەرسان ِ فلەیتی

سن
سن
سن
چەن سن کوتان

کڕ
کڕ
کڕ
چەن کڕ بێداوو وە نووره نان

رز
رز
رز
چەن رزگ دار، سووزیان و گەرتەچۆچانێ هات و لە داخێیان،
سورمان برد و سن و نووره و سنووەیله شێویان
خوەم و خوەت و ئاسارەیلە بیمن
وە بێ ئاسنڕگ
خوەم و خوەت؛

"ئاموزا گیان،
تو باڵا بەرزی

میمزا گیان،
خوەت وە خوەم فەرزی

خاڵووزا گیان،
تو باڵابەرزی
دی لە چە تەرسی؟

سنوورەیلە گشتێ شێویان،
خاڵووزا تو باڵابەرزی
خاڵووزا،
بچڕ گوورانی

میمزا،
وە بەرزی بەرزی
تاتەزا
دی لە چە ترسی؟

خاڵووزا گیان،
هێز بگره،
سنوورەیلە،
ک کیشانەیان ده نامەینمان
گشتێ، گشتێ، گشتێ شێویان

دی لە چە ترسی؟
ئەڕا چە وسی؟

ئاموزا گیان، باو وەرەو باوان

خاڵووزا گیان
وەرەو میمیگان

میمزا
وەرەو باپیران

زاما گیان
وەرووە خەسوران

بەوی گیان
باو وەرئەو باوان

سنوورەیلە گشتێ شێویان
گشتێ گشتێ سنوورەیلە شێوان

هەی وە مزگانی وڵات
سنوورەیلە گشتێ شێویان
وە شێعر ِ شاعرێگ ئەوشێویاگ.

ئیجاره،
سنوورەیلە ده راسی داخروومیان
بنوور.

رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"
سەردەوای ١٣٩٩
ئاخین و داخینمە ئەڕا ماموستا "جەڵاڵ مەڵکشا"

**خاڵند ئەحمەدی:**

## شکۆی شێعر

بە هەڵبەست و بە ماف خوازی، شکۆی شێعری تۆ
مەکۆی نووری، گەلێک شازی، شکۆی شێعری تۆ
چ ساکار بووی ئەویندار بووی، بە هەستێکی پاک
وێنەی مارف، هێمن، قازی، شکۆی شێعری تۆ
تریفەی مانگ لە عەشقی تۆ، گزنگی هاویشت
چریکەی دەنگی ڕەزازی، شکۆی شێعری تۆ
دەنازێ پێت وێژەی کوردی، جێ پەنجەت دیارە
گوتی سروەش، بە شانازی، شکۆی شێعری تۆ
کە دەت چرپاند بە گوێی کێوی، سنەی قارەمان
ئەویش دەیگوت بە ئاوازی، شکۆی شێعری تۆ
بە دڵ عاشقی وەتەن بووی ئەی، ئەویینداری کورد
لە ئاسۆی ژین، کەوی، بازی، شکۆی شێعری تۆ
لە تۆی کردین و شەمزاندی، دووپشکی پاییز
سەبر کوتی، بە ناسازی، شکۆی شێعری تۆ
لە ئاویەر کە دەڕوانین، لە حاند مافی کورد
لەوێش گوردێکی سەربازی، شکۆی شێعری تۆ

**زامـــــــدار:**

## بۆ کۆچی مامۆستا جەلالی مەلکشا

ئاواتەکەت نەهاتە دی،
سەد مخابن،
بەڵام لە دوای تۆیش و منیش،
بەردەوامن ڕێبوارانی!
سەر ڕێگاکەی
سلێمانی!

فەرید ڕاژین:

## نامەیەک لە وشەدیلەکانەوە،بۆ جەلال مەلەکشا

ماموستاکەم،
تۆ هەتاوی ئاسمانی شێعری جوانی ئەم گەلەی
هەستە،
وشەدیلەکان چاوەڕوانن لە شێعرێکدا زەنجیرەکەیان بچڕی و
باڵیان پێ بدەی
تۆ بلێنت بردە سەر، پەیمانەکەت نەشکاند
چەپکێ تیشکت لە خۆر سەند و دات لە پرچی شەوەزەنگ
ئێستا هەموو لاوانی ئەم وڵاتە، ئەو شێعرانەیان لە شانە کە کردت بە تفەنگ
کەی دەتوانێ ڕابوەستێ ڕووباری نائارام و پڕ لە خرۆش؟
هەستە،
هەستە ئەسپە سەرشێتەکەی زەمان دەستەمۆ کە
نامەی ئاشتی وڵاتە زامدارەکەت بۆمێژوو ببە
قەندیل بوو بە پاپۆڕ و نیشتمان ئامێزی کردووە بە لەنگەرت تا خەمەکانت لە باوەشیا بتوێتەوە
بڕیار وابوو کە بەهار هات، شێعری تازە بهۆنیتەو بۆ کوردستان
پێنووسەکان بۆیە خێرا، بە شانازی لە بەر دەمتا ڕاوستان
تۆ دارێکی باڵابەرزی
سەرت بۆ چی دارکونکەری دنیا، دانانوێنێ
تەنافی شۆڕی قانوون قەت ناتوانێ شێعرەکانت بخنکێنێ
چۆنکە دایان لە شەقەی باڵ و دڵی هەموو کوردیکیان کردە هێلانە
هەستە،
تەشیە کۆنەکە لە کاروان بسێنە و، ڕێگەی تازە نیشانیان بە
ئەتۆ قارەمانی قەڵەمی هەموو لاوێکی کوردی
هەستە با دارەپیرە بێ باڵندە نەبێ
هەستە ماموستاگیان
هەستە.

## پێشوازی شاعیران لەشێعری مامۆستا جەلال مەلەکشا

ئاوات"
ئاخۆ دەبێ
ئەو ڕۆژە بێ
کاوەی کورم
جانتای سەفەر کاتە شانی
دەڵاڵنی بەر گاراژی
شاری سنە هاوار بکەن؛
سلێمانی سلێمانی
جەلال_مەلەکشا

**********

هاورێم "جەلال "
کاوەی کورت ئاگادار کە
کە "جانتای سەفەری کردە
شان"
با نەچێت بۆ سلێمانی
نەکا هەوای "شانزەی
ئۆکتۆبر"
ژاراویی کات سییەکانی
بڵێ بچێ بۆ جێژوانی ئاشقانی
نیشتمانی
لە سەر شوورەی سووری
ئامەد
سوجدە بەرێت
بۆ پەلکەی پیرۆزی کچانی
کۆبانی
#ڕەحیم _لۆقمانی

**********

هاورێم "جەلال"
ڕێگا مەدە کاوەی کورت
بڕوا بەرەو سلێمانی
دەترسم کورد فرۆشەکان
بە ئاسانی،
بێ ڕێز،
سەیری باوەڕی کەن
هێرش بکەنە سەر گیانی!
#ک.د.ئازاد
هاورێم "جەلال"
ڕێگا مەدە کاوەی کورت
بڕوا بەرەو سلێمانی!
لەوێ هێشتاش خۆفرۆشەکان
بە ئاشکرا و بە نیهانی
کورد دەفرۆشن؛
بە عەرەب و بە ئێرانی!
#هەڵۆیقەندیل

**********

هاورێم "جـەلال"
کاوەی کورت واڕاسپێرە
کەجانتاکـەی کردە شانی
بۆسەفەرێ کەوتەسەری
هەوای شاری سولیمانی
باتاوێ لابدا لێرە
لەشاری بوداغ سوڵتانی
وسێت نامەکەی پێشەواو
باوەشێک ویـژدان وشەرەف
بەرێ بۆلاهـوری جـەنگی و
کا پاوێڵی تاڵەبانی
#م_ئـ "هۆگر"

**********

بۆ کوێی ئەنێری مامۆستا
کاوەی کورت بگێڕەوە
ئەو مەڵبەندە پڕە لەژان
تەژی خاک فرۆشیە و تاڵان
هەر ئەو شارە
هەموو کوردی یەکسەر هەژان
ئاخ لە دەستی خۆفرۆشەکان
پایەتەختی ڕۆشبیری و
زانیاری بوو !
کەچی سەرکردە ملهوڕەکان
سەریان بە هەرچی کوردە
دانەوان
ئاخ لەو ڕۆژەی16ی
ئۆکتۆبر......
قەت ناسڕێتەوە لە بیرمان
بیگێڕەوە
بیگێڕەوە کاوەی کورت
مامۆستاگیان
بافێر نەبێ خاک فرۆشتن
لە سەرکردە ناپیاوەکان
#نامۆ-سەقز

**********

کاکە"جەلال"
برای ڕێزدار
بەکاوەی کورت بڵێ
ئەمجار
"جانتای سەفەر "بکاتەبەر
هەرچوارپارچەی کوردوستانم
بابگەڕێ
چاوێ بخشێنێ لەزامی
کوردی هەژار
جارێ بادەستێک ڕاگرێ
دوایە بچێ بۆ سولێمانی
دوای وەی
بەشەق ڕایان پەڕاند
جاشەکانی
#جەعفەرمەعروف(ژیار)

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە (تایبەت بە مامۆستا جەلالی مەلەکشا)

**شاهۆ موکوریانی :**

**بۆ کۆچی دڵتەزێنی مامۆستا جەلال مەلەکشا**

دڵم تەقی
لەداخی دەردی بێکەسی
لە داخی مەینەتی شەوو
لەجەوری زوڵمی خوێنمژان
لە بێخەیاڵی ئەوگەلە
لە پرخە پرخی خەوتووان
لەو هەڵبەستەی لە پاش مەرگ
دەبرژێنن دڵ وجەرگ
لە زیندوو کووژی مردوو پەرەست
دڵم تەقی دڵم تەقی
بەسە دەبا هەستینەوە
ئەو دابە با خرکەینەوە
هەتا زیندوون قەدریان بگرین
بۆ ئاواتیان بژین بمرین
چۆپی لەسەر گۆڕیان نەگرین

**پشکۆ یاسینی:**

لالۆ جەلال!
جارێ مەڕۆ
شێعر و چیرۆک
حەیران و سیاچەمانە
بەرەو لوتکە بە شوێن شەقڵی پێتا
بە قورسایی هەنگاو دەنێن
جارێ مەڕۆ
شەپۆلی سەرکەشی ئاور
پێنووسەکەت ناخنکێنن!
ئەشقی یاغیت سنوورەکان دەبەزێنن
شۆڕەسوارەکەی کوچکە ڕەش
هەڵگری بەیداخی ئەشق
بەم داخەوە سەرمەنێوە
چما کە ئاگری ناخت
مەشخەڵی نەورۆزی پێوە
جارێ مەڕۆ
کوردستانی دڵم نەبێ
کوێ بەرگەی زامی تۆ دەگرێ
جارێ زووە پەپوولەی ئەم بیرەوەریەت
لە دەفتەری ئەوینمدا سەر هەڵگرێ
****
لالۆ جەلال!
نەک تەنیا من
مێژوو دەڵێ:
لالۆ جەلال
دەنگ و ڕەنگی کوردستانە
سیمای غەدری
هەزار ساڵەی نیشتمانە!

## شوان کوردستانی:

زڕە دێ
(زڕەی زنجیری وشە دیلەکان)
لە پشت مێڵەی کام سیاسەتەوە دیلە ؟
ئەم جەلادە
دەست و پێ بەستراو بۆ کوێیان ڕادەکێشێ ؟
لە ناو مەنجەڵی
حوکمی کام دادەوری بێ داد دەسووتێ ؟
لە نێوان نامەی
چەند فەرمانەدەی نەیار دەست بە دەست
دەکرێ ؟
بە دیواری تیرباری
کام سجنەوە دابستراوە ؟
لە کوێن ،
لە کوێن ئەوانەی شمشێری نووسینیان
لە قلێفدایە
چەکی وشەیان لە زامن نەترازاوە
ژێ کەوانیان لە قەفەی هەڵهاتووە
هەستن
ڕێگای چۆڵ کەن
تۆزی غاردانی ئەسبی شۆڕەسوارێک
دێ
دەچێتە چاوی زاقی ماقی ئەو
کۆنەپەرەستانەی
(دارەپیرەیان) کردە کۆتەرەی سۆبەی کۆشکی
فەرمانڕەوا
شۆڕەسوارێک لە جسنی هەتاو
تا چی وشە سارد و سڕەکانی
وڵاتێکی بێداد
گەرم کاتەوە
هەڵۆی دیلی شێعری نیشمان بێتەوە
هەرچی وشەی داگیرکەرە بسڕێتەوە
شۆڕەسوارێک
شمشێرێک ڕادەکێشێ
سەری نامۆی جەللاد دەپەڕێنێ
گەڵای پیسی داری شەڕ و نەفرەت دەوەرێنێ
شۆڕەسوارێک سنوورێک دەبەزێنێ
زلهێزەکان نەیانتوانی
بەری بگرن
بۆ سلێمانی
تیخی شمشێری هەر تیژە
بۆ گەردنی دوژمنانی
نیشتمانی ...!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە (تایبەت بە مامۆستا جەلالی مەلەکشا)

فەرانەک کەریم ئابادی:

## جەلال مەلەکشا

پیرە هەڵۆ گەر ئەمجارە بت بینمەوە
لە هەر کۆڵان و شەقامێک
لە پاریس بێ یان خۆد هەولێر
سەقز سنە سلێمانی
بە پێنووسە زێرینەکەم
تەلیسمی جوانت بۆ ئەکەم
جێگایەکی  دوور لە خەم و
نیشتمانێکی سەربەخۆت
 بۆ ساز  ئەکەم
پیرە هەڵۆ گەر ئەمجارە بت بینمەوە
من لە پاریس لە پێکاسو
پێشی ئەگرم
تۆ ئەکەم بە نامۆیکی لێو بەخەندە،
بەڵام بەداخەوە
 کەس نەیزانی ئێش و ئازاری تۆ چەندە
من دەزانم
هەر لەوێدا مۆنالیزاش موزەی لوڤێر جێ ئەهێڵێ و شۆینە کەی خۆی ئەدا بە تۆ،
لە شەقامی شین دا
هۆنراوەت پیا دەهۆینمەوە
لە لەندەن تاکوو ٧تەبەقەی ئاسمان
هەر ناوی تۆ دەڵێمەوە ،
هەر دەیلێم و دەیلێمەوە
گەر ئەمجارە بت بینمەوە
لە شەقامی هۆلیوود دا
ئەستێرە بۆ ئەکێشمەوە
ئەڕۆم تا ویادۆرلۆسا
ئەو شەقامەی وا مەسیح پیا  ڕۆشت ولە خاچ درا
ئەگەریمەوە بۆ پاریس شانزەلێزە
لە هۆلە کانی ئەوێ دا
تۆ ئەکەم بە یەکەم ئەکتەر

دەس خۆشانەی نوبێلت پێ ئەبخشم بۆ نەقشی خامۆش و نادیارت
دەنگی نەبیسراوی هاوارت
ئەڵێم پیرە هەڵۆ بەسیە خەفەت لێرە بڕۆ ئەم وڵاتە قاقڕە وەک مەنجەلی گرچوبڕە،
لە هاید پارک ڕۆمەڵخەزا و شوڕشێک من بەر پا ئەکەم کە هیتلێر و سەدام و لوی شانزەهەم تا
ئیستا شوڕشی وایان نەدیتبێ
گەر ئەمجارە بت بینمەوە پیرە هەڵۆ
بە خەیاڵ بێ یاخۆد ڕاستی
ئەتبەم تا بەر عەرشی خودابە زمانی ڕەسەنی کوردی هاوار ئەکەم من لە خودا بایکوتی ئەکەم بەش کردنی
بۆ بەشی کوردان هەر مەرگە و جەفا؟!
پیرە هەڵۆ،
پەرۆش مەبە چی تر من هومێدم هەیە وەکوو جەنگاوەرێک پشتی نائومێدی ئەژەنێم بە خۆڵا
من لە دوای تۆ
بووم بە دارچنارێکی هیوای بەرزو
سنەوبەرێکی سەرکەردە
بە زرەی زنجیرەی وشە دێل کانت قەسەم
دوای ڕۆیشتنت سکڵی نەبوونت بۆتە ئاگرێکی تەم و ڕووناکی ئەخاتە ناو دڵی بێ هیوای شارێکی تاریک
تۆ بۆی بە پێناسەیەکی جوان و منیش بە پێنووسە کەم تاریکی ئەسڕمەوە
پیرە هەڵۆ ئاسۆ ڕوونە
هەتا لوتکە بەفری وەرزی نەهات ڕوو لە چۆنە
باش دەزانم ئەم جورە مەرگانە سەرتای ژیانێکی نوێە

**ناتق مەجیدی (سۆران):**

## شینگێڕی- یادی کاک جەلالی مەلەکشا

وا نەوای تەپڵی نەمان دێتەوە گوێ
خەمی کۆچباری ئەوین  دێتەوە سوێ
خەم وەها دەوری تەنی شاری تەنی
کە نەما ڕەونەقی دار و دەوەنی
شانی گەل دەخزێ لە ژێر باری خەمێ
تۆ بڵێی بشکێ تەزووی ژانی کەمێ؟
کەی بە مردن دەبەزن خێڵی هەڵۆ
نایەوێ شین و فوغان، ناڵە وو ڕۆ
وەک دەڵێن نامرێ قەت  چەشنی شەهید
شاعیرێ چەشنی "جەلال" ڕەند و ڕەشید
مردنی کردبووە گاڵتە وو گەپ
ساڵها شەوکەتی وی دابوو لە شەپ
داینەخست سەر لە بەری خوێنمژی شەو
خەوزڕێن بردی وزە و تاقەتی خەو
کێ دەزانێ چ خەمێک بوو کە لەشی
کز و لاکەوتە لە گۆشێ بوو بەشی
سەری سەوزی بە دەسی سوورەزمان
بە دەمی باوە کە چوو کەوتە نەمان
ئەو بوو هاواری دەکرد دێتەوە، دێ
هەلهەلە، شادی لە شاران و لە دێ
ئەو گوتی کاوە کوڕی ژیر و نەبەز
کردییە شانی ئەویش، ئاوەز و حەز
ئەو کوتی ڕۆژێ  دەلالانی سەقز
نین وەکوو ئێستەکە لاکەوتە وو کز
دێنە گاراج و بە هاوار و هەرا
پێو دەڵێن ڕاکەن و زووکەن دە "بەرا"
تێشکا شوکری خودا حەدد و سنوور

دوور لە دوورەنگی دەبێ ماڵی بلوور
ئێستە بۆ کۆچی جەلال کونکونە دڵ
حەیفە شێر ڕۆچێ لە توێی خاک و لە گڵ
"هێمن" و "هێدی" لە گەڵ مامە "هەژار"
"خاڵەمین" ، "سوارە" کە تۆراوە  لە شار
"حافز"ی شاری مەهاباد و "ئەدەب"
"ناسر"ی ناسەرە، دەریایی ئەدەب
"ئەحمەد"و "نووری"، "حەقیقیی" و "وەفا"
شاعیری پڕ لە خەمی چەشنی "سەبا"
"کاکەمین" ،"ئاسۆ"، لە گەڵ خێڵی هەڤاڵ
منی (سۆران) و دڵ و عەشق و خەیاڵ
پڕ لە گریان و پڕی ئاە و خەمین
ئێمە پڕ نۆتی خەمی زیر و بەمین
هەست و بیر پڕ لە هەوای یادی ئەون
پڕ لە سۆزی دڵی ناشادی ئەون
دێتە گوێ دەنگی جەرەس وەختی سەفەر
کە ئەجەل گرتییە دەس  فەتح و زەفەر
کورد هەموو هاتنە پێشوازی کەسێ
تا لە ناو خاکی وەتەندا وەحەسێ
نەمرە چونکە لە بۆ مافی گەلی
بە سەدان جاری کڕیوە ئەجەلی
کەم ژیا مامە بەڵام وێنەیی کەڵ
چووە مەیدانێ، دژی هۆزی دەغەڵ
ژینی کورتی بوو پڕاوپڕ لە ئەوین
لە دڵیدا بوو هەزار کۆنەبرین
نیشتمان، هاتەوە لات پیرە هەڵۆ
ئەو بە میوانە لە ناو باوەشی تۆ

**ج.م.هەڵبەست:**

## سڵاو بنێرە بۆ کوێستان

ئێستە ئیتر
"سڵاو بنێرە بۆ کوێستان"
ئەی شاعیری خەمباری کوردا!
چیدی مەڵێ:
"هەتا لوتکە چەندی ماوە؟"
تۆ هەنووکە
"تەرمی خۆتت لە کۆڵ ناوە"!
چرپە چرپە،
هەنگاو هەنگاو!
ڕۆحت دەکشێ بەرەو هەتاو!
"جانتای سەفەر"
ئێستەکانێ لەسەر شانتە،
بەرەو هەرمان!
ئێستە ئیتر
"سڵاو بنێرە بۆ کوێستان"!
نەعرەتەی تۆ
لەنێو دڵی شەوزەنگا!
تا هەتایە
دەچێ بە گژ،
قرمژنی گوللە و
تفەنگا!
"شیعرەکانت"
چقڵی چاوی تاریکین و
وشە وشە،
لە تریفە و هەتاو دەدوێن!
زایەڵەی ئەو ڕووناکییەن،
کە دێوەزمەی
شەو پێی قەڵسە و
چاوی تەژی دەکەن لە خوێن!
ئێستە ئیتر
"سڵاو بنێرە بۆ کوێستان"!
"کوێستان بۆت بووەتە هێلانە"!
چیدی
"سینگت هەڵنادڕێ"
ئەو شمشێرەی لە کێلانە!
"شیعرەکانت"
پڕن لە خەون،
لە زایەڵەی ئەشق و تاسە!
"بەڵێنەکت بردە سەر و
پەیمانەکەشت نەشکاند"!
هەرگیز هرگیز،
بۆ شەوەزەنگ خۆت نەچەماند!
تا دوا وشە و
دوا هەناسە!
ئێستە ئیتر
"سڵاو بنێرە بۆ کوێستان"
ئەی شاعیری
خێرنەدیتووی گشت کوردستان!!

**بۆکان. ئاسۆ:**

## دواهاوینی سێسەدی

وردەوردە چوینەلیستی ئەوبەساڵاچوانەوە
خاتراتەسادەکەشیان خۆشە بۆ گێڕانـــــەوە
ساڵەکانی سێسەد ئیدی ئاخرین هاوینیە
تازەتاسەد ساڵی دی هەرچوارە بەم عینوانەوە
گەرچی هاوین وبەهاریشی وەهای کرد ئەم پەتا
پاییزی خێر بێ بەهیوای هاتنی زستـــــانەوە
من بەمنداڵی لەگەڵ چۆم وچنارا گەورە بووم
ئێستەکەش شیعرم تەڕە وهەرسەوزەلەو ساڵانەوە
دار چنار کاتێ گەڵای تازەی دەکرد من سەوز ئەبووم
دەستەکەم بۆنی شەمامەی گرت لەنێو بێستانەوە
کەس بەقەت من ئاشقی کانی و کچ و کەویار نەبوو
قەندی نێو قەلبم بەخەندەی لێوی کچ تاوانەوە
من.بەمنداڵی لەنێو مزگەوتی دڵ دەرسم دەخوێند
چاوی عەییارێ نەسیبی خستمە نێو مەیخانەوە
داخەکەم دایمە مناڵی شیعر و بەرخی لاوەتیم
چاوەڕێی چۆرێ ژەکی خەس بوو لەمەمکی نانەوە
ئێستەپیریم چاوەڕێی چی بێ لەبەستێنی بەهار
من کەبێزارم لەئەم دەزگای درۆ و داو نانەوە
وەی هەزار موڵکی دەمی پیری فیدای ماچێکی لێو
وەی هەزار گوڕڕە فیدای ساتێ لەکچ پاڕانەوە
یەک لەخۆڕا بێ ئەوەی بمناسێ زەمبی منیەکرد
تافریشتەی شیعری تەڕ بەم لەحنە جوابی دانەوە
تالەئاسۆ دەرکەوێ شەوقی شەپۆلی سینەیێک
ماسی گێژ چ بکابەغەیری کەوتن و هەستانەوە

## شیعر: جەلال مەلەکشا

### وەرگێڕ: ئەنوەر ناسری (ئاسۆ):

ئەسپەکانمان
لە لەوەڕگەی بژوێنی مێژوودا
بەستووە بە گوڵمێخی فەلسەفەوە و
لە چۆڵەوانی بێهوودەییدا
بە قاچی کوچی ئەندێشەوە ڕێ دەپێوین.
لە قاقڕستانی وشەکاندا
وێڵین بە دوای ڕزگاریدا و
لە پشت چەپەرە کاغەزییەکانەوە
بە تفەنگە دەسکردەکانی کارگەی بیک،
لە سنگی زەمەندا
تۆوی ئازایەتی دەچێنین.
دەپەیڤین و
بە زنجیرێک بە درێژایی زەمەن
قاچمان بە قوفڵی دڵ شەتەکداوە.
لە خۆوە هاواری ئازار هەڵئەدەین و
بیر لە کەسێ دەکەینەوە تەنانەت
ڕێی ماڵەکەی نازانین.
لە یادمان مەکەن
لە یادمان مەکەن
دیلی قاوشە تاریکەکانی زیندانی ڕووناکبیری!
کە شوورە ئەستوورەکانی زیندانی (من)
ڕێگەمان نادەنێ بتانبینین و
لە ئاوێنەکانی ئەندێشەماندا
بێجگە ڕەنگدانەوەی وێنەی خۆمان
هیچێکیتر نابینین.
وەرن بۆ شەونشینییەکانمان
لە تەلارە بەشکۆوەکاندا
لە ژێر چلچرا زێڕینەکان
بە خۆشی ئێوەوە پێکی ویسکییەکانمان هەڵئەدەینەوە و
لە سێبەری ئەلکولدا
ڕێی ڕزگاری ئەدۆزینەوە؛
ئینجا ماندوو لە شەڕی بێئامان
جێوبانەکەمان لە نێو ڕشانەوەدا ڕائەخەین
بڕوا بهێنن بە بەرپرسایەتییەکەمان
ئێمە لە شاری مێژوو و فەلسەفە و ئەلکول و ئەفیۆنەوە دێین.

**ڕەبەت غەفوور قادری(بڕوا):**

## شاعیری زام و دەرد

چۆن نەنالێنم لە داخی دوری تۆ
چۆن دڵم رۆرۆ نەکات بۆ کۆچی تۆ
چۆن نەرێژم ئەشکی خوێنینم لە چاو
چۆن بژیم لە نیشتیمانی بێ هەتاو
چۆن جەرگ کون کون نەبێ بە کۆی خەمان
چۆن دەبێ بێکەس بمێنێ نیشتیمان
چۆن نەکەم یادت شاعیری زام و دەرد
کوردستان رەش پۆش بوو لە وەرزی زەرد
رۆژهەلات دوا رۆژی شێعری هەڵوەری
شێعرەکانی وەک گەلای داران وەری
هاتنە سەر رێگاو شەقامی هاتوچۆ
پر بە دڵ چریان نامری خاوەن شکۆ

**عەبدوڵلا کەلی خان:**

## دوو چوارینە لە سەر وەسفی مامۆستای نەمر " جەلال مەلەکشا "

مەلی تیژ باڵ لە مێژ ساڵە بە ئاواتی نەفەس بوو
با لێدا باڵی سەفەر کە ئازادی قەفەس بوو
ژیا بۆ ژین ئەو بە یەقین خولیای گەل و خاکی وڵات
لە عەهدێکا کە ناو چاوی زەمان لێی عەبەس بوو
**
دەمێک ساڵە ژانی گەلی لە دڵا ئەخواتەوە
ئەوەش نەبوو بە غەفڵەت گێژی زەمان بیباتەوە
لە ڕۆژی هات و ژیانی کاتی یەک دەنگ ئەیانوت
دڵ و زمان و قەڵەمی دژمن وڵاتی باتەوە

**سروآباد ساسان مونفەرد(بێوەر):**

## تەخمیسێک لە سەر شێعرێکی مامۆستا جەلال مەلکشا

دەبا بەرگی خەمێکی تر لە بەرکەم
کتێبی چوونی یەکڕاییم لە بەرکەم
دڵم مرد ودەبێ ڕوو لە کەسەر کەم
ئەڵێم ئەم شارە جێ بێڵم سەفەر کەم
بڕۆم و خۆم لە عالەم دەربەدەر کەم

بە وشیاری دەکەم هاوار ومەس نیم
هەڵۆی شاخم کەوی دیلی قەفەس نیم
بڕۆم و ڕوو لە کێوان و کەمەر کەم

ئەمن بەفر بووم وخۆر بووبە ڕەقیبم
برێنێک بووم و تێخ بووبە تەبیبم
چڕێ بووم وگڕێ بووبە نەسیبم
هەموو نامۆن و من تاک و غەریبم
نەماوە ئاشنا بۆ کوێ نەزەر کەم؟!

هەسێرەی تاق وتەنیای دەم سپیدەم
چرۆی ژاکاوی باخێ بەرگۆزیدەم
دەبا ئەم دڵمە بمرێنم،شەقی دەم
بە هاواری دڵ و بارانی دیدەم
لە دەردی خۆم هەموو عالەم خەبەر کەم

دڵێ پڕ ئێنتزار وچاوێ خەمناک
لەشێکی پڕلە ئازار،کاس وهیلاک
وەکوو ئاوارەیێ ماوم لە سەر خاک
شەوارەم بێ نەبینم ڕۆژی ڕووناک
ئەگەر بەم شارەدا ئیتر گوزەر کەم

وەرەن یاسینی مەرگی من بخوێنن
شەووڕۆ چاوەکانم پڕ لەخوێنن
قەرار وابوو لە گەڵما هەر بمێنن
ڕەفیقانم گەلێ پەیمان شکێنن
بێڵا ڕاکەم لە دیتنتان حەزەر کەم

مەلی مەیل گەرچی دیلی تۆڕی عەشقە
تەزووی خەم تێکەڵاوی کۆڕی عەشقە
ئەوەی هەڵدێ لە دڵ کەی خۆری عەشقە؟
وڵاتی مەرگە، ئێرە گۆڕی عەشقە
بڕۆم چاکە و لە خۆم دەفعی خەتەر کەم

لە هێلانەی ئەویندا،دوورە دەس نیم
لە گوڵجاری وەفادا خاروخەس نیم

**پ.ڕ.سایدا:**

شێعری جەلال
ئەی شێعری یاخی!
چرای ماڵەکەت داگرسێنە
کاروان ببە ناخی هاوارەوە
ڕێگای کۆچ سوور کەرەوە
شاعری دارە پیرە
جانتای چرۆی نیا سەر شانی و
لە کوردستان
بەرەو خەونستان ڕۆێشتەوە!
ئەی شێعری یاخی!
تۆ هەواڵت بوو
لە سووچی هەسارەکان و
تەنیشتی مانگ و
دڵە پڕ زامەکەی!
لە بست بست مەڵبەندی ئاخەکەی !
ئەو، ڕێگای دڵی خۆی نیا بەر پێت
ڕێگای سروە و
سنوور و چیای نیشتمانی
هەنگاو بە هەنگاوی تۆ پێوا!
تۆ ڕۆحی سووکە باڵی
لاپەڕەی سینگی "جەلالی"!
تۆ دواهەمین
بزەی لێو و فرمێسکی
سەر گونای خاڵی،
کە چەپک چەپک
ئاواتەکانی بێدەنگی ئەوت
بەرەو خەونی سپی بێ لایە بردەوە
تۆ هاوسەفەری
دوا هەناسەی "جەلالی"
کە هەستی سەر شێتی
خەم و پەژارەت
بێ ماڵئاوای بەرەو لەمپەڕی
"من شاعێری دڵی خۆمم" کردەوە

**ع . قـادری:**

## " تۆ نامری "

تۆ نامری
شێعرەکانت
ئەبنە مێخەک
کەنیشکی شار
دەنکدەنک
ملوانکەی لێ ئەگرنەوە
چەشنی سروودی نیشتمان
کوڕگەلی شار
بەسەربەستی ئەیلێنەوە

**محەمەد سەلیم عەبباسی:**

## بۆ:مامۆستا جەلال مەلەکشا

دار بەڕویک
لەمێژ ساڵان لە لێڕەوار
ڕیشەی لە خاک داکوتا بو
شلغەی هەنگی تورەی شێعر
لە بەرزایی لق و پۆی دا
دامەزرا بو
ساڵەهای ساڵ
بە ڕێبواری
ژێر سێبەری حەسامەوە
هەنگوین ڕێچکەی
هەتا قورگم دەبەست
بە تام و چێژ
لە کۆڵانی خەیاڵاوی
سێحری گەڵای دەخولامەوە
ساڵەهای ساڵ
دارتاش، گۆرکەن، ڕاوچی
چی لە لێڕەوار تێ پەڕین
چوزەی هەنگی دار بەڕوی شێعر
تەماحی خاوی لێ برین
ئەمێستا لێڕەوار قاتە
گەرچی هەرگیز دار بەڕو نامرن،
بەڵام شنەی شێعر ماتە،
هۆ دار بەڕو
مەرگ مانای کۆچی تۆ نیە
لێڕەوار تامەزرۆی شێعری بارانە
قامچی وشە بوەشێنە
جارێکی تر وەک بریسکە
گرمە لە هەور هەستێنە...

**کۆیلە:**

دارە پیرە گۆپکەی کرد
لەو کاتەی وا
تەرمی باخەوانی
دارە بێ گەڵاکانا
دەسووڕایەوە
هەر لە بەر چاوی
لقە وشک و لاوازەکانەوە
لقە گیاندارەکان
باوکی دارە پیرەیان
دایە دەست خاک
تا هیچ مەلێک بۆ هێلانە
کڕنۆش نەبات
یا لەشی خۆی بە پوازی دەستی سوڵتان نەکات

**گزنگی خۆر:**

دیسان دایکی نیشتمان
ئەژنۆی خەمی گرتە باوەش
بۆ کۆچی دڵ تەزێنی
ئەم قەدەم وئەم قەڵەمی
شاسواری شاعیران
بیرو هزری فاخیران
چەند خەسارەسەرقافڵەی ئەم گەلە
وا بەبێ نازی بچێتە ژێر ئەو گڵە
سۆزی کۆچت جەرگ بڕە
کەس نەڵی کورد مردوە
کـــورد زینـــدوە
سەد ئافەرین لەو مردنە
لەژینی دوژمنی رەنگین ترو سەنگین ترە
تابمێنی هێزی پێنووس
پێزی لێنووس
ناو و ئاوازت هەر دەگمەنە
شۆڕشی پێنووست
مۆمی داگریساوە، مەشخەڵە
بۆڕێبازی ئەم گەلە دەربەدەرە و
کۆڵنەدەرە...

**فەریدەکاکی:**

کاتێ ئاسمان دڵتەنگ بوو،
زانیم خاک تەرمی شاعیرێکی
لەئامێزگرتوە
وشەوشە ، ، بێ مەودا
ئەسرین لەچاو شێعر ئەباری
پەشێو و سەرشێت
دڵم هەڵفراند تا دیاری هونەر
قەڵەم شینی ئەگێرا
ودێڕ بەدێڕ
خەم نامەی ئەخوێند
مامۆستای نیشتمان
جەستەی بەخاک و ڕۆحی بەهەتاو
بەخشی تا
تریفەی شێعرەکانی
تارمایی شەوانی بێ کەسی وڵات
رووناک بکاتەوە
بست بەبستی نیشتمان ومرۆڤ
ئەزانن یادی هەرمانەو
شێرکانی چەشنی قەقنووس
لەنێو هەستی ئاگر
باڵ ئەگرن وهەڵ ئەفرن

**شیوا ئەمینی:**

بەناو مەلەکشا بەڵام ڕۆڵەی هەژار و ژان بووی
دۆستی چیا و دڵداری زامداری نیشتمان بووی
نە لە بەند ترسای نەلە زنجیرو کەلەبچە و دەنگ
دەنگی پڕ هوروژمی شێعرەکانت کردە تفەنگ
ڕێبازی خوێن و ڕۆڵەی شۆڕش و کۆڵنەدەر بووی
جەوهەری قەڵەمی نەتەوەی چەوساوەی کورد بووی
ئۆغربێ، ناوت کەوتە دڵی لەتی چیاکان
چ پڕ حەسرەت کڕنۆش دێنن بۆت پارچە شێعرەکان
ئازادی ئیتر لەسەر گڵکۆت دەحەسێتەوە
دەمەو کازیوە برینەکانی دەکولێنەوە
گەر ناپیاوێ نەبێ ڕاپۆرت بدا لە جێژوانتان
ڕۆحت لە ئامێز دەگرێ بەرەو چیای کوردوستان.
پێشکەش بە ڕۆحی مامۆستای نەمر جەلالمەلەکشا
ئەو کات ژمێرە چ قەوما؟
پیرە گۆچانت دا بە عەرزێدا
باوەشت بۆ باڵای مەرگ گرتەوە
چاوی ڕەشی شێعرت کاڵ کردەوە.

**ئەییووب کەژوان:**

هاوڕێم "جەلال"،
بڕوام هەیە کە دڵسۆزی نیشتمانی
بڕوایشم هەس بە بناغەی کورد بوونی
شاری جوانی سلێمانی
بەڵام ئەمجار کە کاوەت نارد
بەرەو شاری مامە ڕیشە
پێ بڵێ باکوو بزانێ،
تاکوو ماوە بۆ هەمیشە
لە شاری ئەو گەورە پیاوە و
هەزاران شەهیدی دیکە
هەن کەسانێ خۆفرۆشن و
دوژمن بۆیان دەکا فیکە..
بڵێ وریای جانتاکەی بێ
دولاری تێنەخا کاوە
چۆن خۆفرۆش بۆ دولار بوو
نیشتمانی دا بە ئاوە...

**زانا ساڵحزادە (چاوەڕێ):**

## شێعرێک بۆ مەلەکشای نەمر!

مۆمی شێعرت
ڕاسانێکی ئاگرین بوو
لە زیندانی شەوەزەنگدا
تا شەو مابێت
وردەوردە ئەتوێتەوە!
خوای شەو!
خەونی لێ براوە
چوونکە
تا خۆرەتاو مابێ
تا چاوی چاوەڕێ مابێ
تا چیا و جامانە مابێ
زنجیری وشەی باوەڕت
پەیتاپەیتا ئەزرێتەوە!
لە ژێر چەتری پیرە دارت
لە سەر ڕەگاژۆی بەڵێندا
چرۆ ئەکا خەڵفی شێعر!
هەزاران مەلەکشای هیوا
سەرمک سەرمک ئەڕوێتەوە!

**کام ژین:**

تریفەی شاعیر
جەلال لالۆ ئەمڕۆ ئاویەرت تەزاند
لە باخچە با سەفاکەی
مەستوورەی ئەردەڵان
گوڵە باخی شێعری کوردەواریت چەقاند
جەلال لالۆ شێعرەکانت بوونەتە کۆتری بن
گوێسەبان
کە لە شریخەی داڕشتن ناترسن،
ترسیان نییە لە نەمان!
چاویان بەگریانە بەکۆچت ئاوازی کۆچەریەکان
تۆ چاوگەی ئەوینی ، هەوێنی
بارگای ئەدەبی کوردان!
پەرتووکەکانت بریقەی هەتاوی ئەدەبن
ئەدرەوشێنەوە
تیشک ئەکێشنە سەر دڵان !
بەتۆوە ئاسمانی ئەدەب
پرشنگی هەتاوینی بەتاوی زۆرن!
چ لە باکوور، چ لە باشوور
چ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان
سوێندم بە ئەندێشە
کە سێبەر قەت
ناچێتە سەر هەتاو!
کە ئەگەرچی کاڵفامان،
یەخەی خۆیان دادڕن لە تاوان!
شینەدزەکانی شێعرنازانن چەندە بەرزن ، جەلال
وشێعر و نیشتمان
لە قوڵف و بەستی شێعری هیچ شاعرێک
بەستەیەکت نەپروان!
پڕشکۆ بێ یادی جەلال مەلەکشا

ک.د.ئازاد:

## هەڵوێست ۱

هاوڕێم جەلال،
هێشتا زووە!

لە بەرهەمی،
ئەو باخەی پێشتر ناشتووتە
هێشتا هیچت نەچێشتووە!

خۆڕاگر بە!
بە مردن بڵێ ڕاوەستە!

داری چل ساڵەی خەباتت
چرۆی تازەی دەرکردووە!

هاکا سبەی
لە مەیدانی گەورەی سنە
لە چوار چراکەی مەهاباد
لە دوندی بەرزی تەرەغە
لە هەر چوار پارچەی نیشتمان؛
دەنگی شێعرت،
ببێ بە نەغمەی دڵشادی
لە سەر بانی
گش ماڵی کورد
بشەکێ ئاڵای ئازادی!

ک.د.ئازاد:

## هەڵوێست ۲

هاوڕێم جەلال
قەرار بوو بێی
پەردە لە سەر،
کتێبەکانی من لادەی!
ئەو شێعرانەی،
هەرگیز بستێک نەکشاونەوە
لە بەرەکانی ئازادی
قەت،
کڕنوشیان نەبردووە بۆ بێدادی!

تۆ گەیشتیە خەستەخانە و
ئازاد چوو بۆ بەندیخانە!
ئەوەی هەرگێز،
بەیدەست نابێ و هەر ئازادە
کوردستانە!

بەهاری ۱۳۹۷ی هەتاوی،مامۆستا جەلال نەخۆش کەوت و منیش ئەو دوو شێعرەم بۆ نووسی و بۆم نارد

مریەم یەتیمی:

## ژیان خەمە

ـ شەوە، شەوە، شەوەزەنگە
دنیا کز و مات و دڵتەنگە
شاخ ماتەم دەنۆشێ و قەڵەم
ماتەمی ئەو دەستانەی بۆ
کۆچت لە ئەژنۆ هەڵپێکراون
خەم ملوانکەی یاقووتی دڵی
نیشتمانە و لە مل شێعرم کراون
شەوە، شەوە، شەوەزەنگە
زمانی وشەم پەیڤی مەنگە
شێعر سکڵی سووری خەمە
لە ناخم دا قرچە قرچی
دڵی دارەپیرە کەوا بووەتە خۆڵەمێش
لە کوچکەڕەشی دەپرژێنن
چەند قەڵەمێکی دوور ئەندێش
شەوە ، شەوە ، شەوەزەنگە
ژیان ساردە ، هیوا بێ ڕەنگە
بەڵام دڵنیام
لە دڵی ئەو خاکە پاکە
دڵێکی هۆشیاری تێدا خەوتووە
بە کاتی داچڵەکانی شێعر لە لووتکەی
خەمی کۆچت دا
ئاسمان دێتە گریان
لە هەر بستێکی ئەم خاکە گوڵێکی ناسک
خەیاڵی شێعری تۆ لێ ئەڕوێ
سوور هەر وەکوو پەیڤی خەمت
ئەبنە گوڵی چاو بە گریان
ئەمجارەیان
لە ناو دەست و دڵ و چاوی نیشتمان

سارێژ ڕەمەزانی:

## خەمباری بۆ کۆچی دووایی مامۆستا مەلەکشا

وتت ئەم شارە جێ بێڵم سەفەرکەم
بڕۆم و خۆم لە دنیا دەربەدەر کەم
بەجێت هێڵا وڵات و شار و دنیا
بەجێت هێڵا هەزاران ئاخ و بریا
ئەتۆ ڕۆشتی پێنووسەکەت هەتیم کەوت
گڕی کێشا تێنووس بێ ئاگر و نەوت
خەمی عالەم ڕژاوە شاری شێعران
ئەوین و خەون وڵاتیان گشت بوو وێران

ئەتۆ گەورەی وڵاتی عاشقان بووی
وڵاتی خۆت بە جێ هێشت و چ زوو چووی
دڵی کوردان هەموو داخداری دووری
خوێن دەچۆڕێ لە دیدە، کوا سەبووری؟
بەهاواری دڵ و بارانی دیدەم
بە باڵای نێو نمامی گشت خەمیدەم
ئەدەن شاهید ، نەما هێز و تەوانم
بە کۆچت ، کۆچی کرد ئارامی گیانم
بە دردی تۆ کێ زانی لەم جیهانە
کێ زانی دەردی تۆ بەس کوردستانە
هەموو عالەم ئەگەر چی بێنە ئێرە
چ کەڵکی هەس مەخابن ئاخ کە دێرە

**سۆهراب مورادنیا(سیاوکام):**

داره‌پیره‌كه‌ی دارستان
سایه‌ساره‌كه‌ی كوردستان
هه‌ڵۆی به‌رزه‌فڕی هه‌ردان
قه‌ڵه‌م سه‌ركه‌ش ، زمانی كوردان
شاوشه‌كه‌ی ئازایه‌تی
نموونه‌ی به‌رزی پیاوه‌تی
ئه‌نجه ئه‌نجه وه‌ک داره‌وه‌ن
خه‌م خۆری دڵسۆزی وه‌ته‌ن
تۆ قه‌د ترست نه‌ده‌ناسی
شێعری به‌رزت به مل شاخا هه‌ڵده‌واسی
به‌رزه‌باڵا چه‌شنی شاخی ئاویه‌ری
شۆڕه‌سواریَ گورد و چالاک، كۆڵنه‌ده‌ری
ورەت به‌رز بوو ، خۆڕاگر بوویت
كڵپه‌ی گڕكان وه‌ک ئاگر بوویت
تۆ ناسنامه‌ی سه‌ربه‌ستی بوویت
دژ به پاره‌په‌ره‌ستی بوویت
قه‌د خامه‌ت ده‌سته‌مۆ نه‌كرد
وشه‌ی به‌رزی ئازایه‌تیت نامۆ نه‌كرد
شێعری یاخیت زڵمی به‌زاند
نه‌یاری له قوژبن كرد و دڵی ته‌زاند
وره‌ی به‌رزت چه‌شنی كێو بوو
عه‌ترو بۆنت گوڵی پشكووی داره‌سێو بوو
جانتای كۆڵت گاشه‌به‌رد بوو
شێعری شینت ڕووبارێكی ڕوون و سه‌رد بوو
ژیانی تۆ مه‌رگه‌سات بوو
مردنیشت خه‌ساروقورس ، كاره‌سات بوو

**ڕه‌شوه‌ند كوردستانی:**

**بۆ یادی ئه‌مینی میلله‌تی كورد, ماموٚستا "جه‌لال مه‌ڵه‌كشا"**

موتریبی عه‌یشی حه‌ریفان,زاریبی مێزراب نییم
من سه‌دای تێخوو سنانی ئه‌ولیای كوردم كه دێم
من نه‌وای ته‌پڵوو قه‌ناره‌ی ده‌سته‌مۆی ده‌س مه‌یته‌رم
نركه نركی تۆڵه‌یـــی ئه‌و له‌شكه‌ری مه‌ردانه دێم
هۆره‌یی خنكاوو بالۆره‌ی سه‌رین به‌یداخی شڕ
چه‌مه‌ری مه‌رگم دوای فه‌وجی شكاوی كورده دێم
من ڕه‌قیبی ئه‌ی ڕه‌قیبی دوژمنانی ئابڕووم
وه‌ک كزه‌ی سه‌ختی برا كوشتن, له تۆی ئێسقانه دێم
شینی شمشاڵم, ته‌می ته‌مبوورم و داخی ده‌فم
من زریكه‌ی زاوو زێیـــی, چلچله‌ی ڕسكانه دێم
خه‌ڵفی ڕه‌گ ئاژۆی هه‌ڵاڵه‌م, ملق له خوێنی خۆم ئه‌ده‌م
ئاژوانی سه‌د لكم بۆ ده‌رسی شه‌یتان واوه دێم
ڕۆگه‌ی ئه‌و ڕووباره دووره‌م, كه‌ڵكه‌ڵه‌ی ده‌ریا ده‌كا
قافڵه‌ی قه‌یتان توندم ,وا به نه‌غمه‌ی دێموو دێم
من نه‌وه‌ی ئه‌سحابی سه‌برم, یاری غاری شاریعێک
ئه‌م جه‌لای ئیجلاسی لای ئه‌و حاكمانه, ڕێمه ڕێم

عومەر ئیمام:

## راخوشینی قەڵەمێک لە ئاسمانی ئەدەبەوە

لەشەوێکی کپی خۆر دزراو، ئەستێرەی کۆشی ئاسمان لە شەرمی تریفەی مانگ کروشم هەلاتبوون، دەگەڵ دەنگی جەرەسی سۆشیاڵ میدیا راچەنیم، ئاخر دەمێکە هەر رادەچەنم، بە خەفەتێکی نامۆوە کەسەراپای وجوودی داگرتووم، چرکەکانی تەمەن دەژمێرم. باسریشکی هەناسەو لێزمەی فرمێسکان رووناکایی ئاسۆی لێڵ کردووم، پەردەیەکی تاریکانی چڕ سواخی دوورەدیمەنی چاوەکانی کردووم. رەنگاڵەی پاییزیم رەش و سپین. لە تەنگەدالانی هزرێکدا قەتیس ماوم. سۆراخی چ دەرەتانێک ناکەم، داهاتووم دەستماڵ کات، ژەنگی ئەم خەفەتەی لێ بسڕێتەوە. ئاخۆ لەم خەزانەدا چ بکەم پەنا بۆ کوێ بەرم، لە دوورەوە دەنگی کۆچێکی بەسۆ مێشکی تەزاندم، بە هەڵەداوان کەوتمە پەلەقاژە، تۆ بڵێی گوێچکەم فریکانسی هەڵەی وەرنەگرتبێ! بڵێی راست بێ و خۆری مەلەکشا لە ئێوارەیەکی خەماوی خەزانی پاییز سەری نابێتەوە؟ نا ئەوە هەڵەی دەستی قەڵەم و هەواڵ نووسە، ئەگینا شکۆی نیشتمان چۆن هەڵدەوەرێ؟ ئەخە ئازاری تەمەنێکی پڕ لە چاوەڕوانی دەرۆستی ئەم سەختەدارەی نیشتمان نەهاتن! کوا هەتاوێک دەگلێ کە لە ژێرباری مەینەتی گەلدا پشووسواری" پاپۆڕی ئەوین و بەندەری خۆشەویستی" بێ؟ ئاخ دڵێک لە لێدان کەوت کە نیشتمانی گەلێک بوو. نازانم بۆ لەم ساتەوەختەدا پەپوولەکانی وشەی زەینم هەڵفڕیون بەرەو مەزاری گوڕغەرێبێ، ئاشی بەتاڵی زەینم هەروا دەهاڕێ و کەندووی مانا پڕن لەم وشانەی خەماویدا، ئێستا راوی کام وشە بکەم، کە خۆم لە ئامێزی گێژەڵووکەی ئازارێکدا خول دەخۆم؟ لە پرسەی کۆچی کوێستان و داربەڕوو، بە دەم شەواری تابووتێکەوە، باریکەڕێی لووتکە دەبڕم. لە بەردەم هەقیقەتێکی تاڵ دڵم دەبووڕێتەوە، سنووری وەهم و خەیاڵ دەبەزێنم، وشەکان دەکەم بە گەردانەی کێلی گۆڕی جەلال مەلەکشای شاعیری نیشتمان.

سەیوان ئیبراهیمی:

## نامەیێک بۆ ماموستا جەلال مەلکشا

دارەپیرەکەی جستە بریندار
بە زام و زەبری پوازی نەیار
خاوەنی شێعری لاسارو ئاوات
دڵ بە تاسەکەی وڵات،بێ وڵات
سزا دراوی نەیاری بەقین
بە تۆڵەی چاۆ پێ کەوتنی ئەوین
چریکەی خنکاو ناو کۆنجی قەفەز
دڵسوزی گەلوو دوژمنی ناحەز
ئەی غەریبەکەی ناو غەریبستان
مایەی سەربەرزی خاکی کۆردستان
ئەی درویێشەکەی کوورەی زیکری خاس
هاۆ زێکری دیجلە و هەم ئەبوونەۆاس
خاون ماڵەکەی لە ماڵ بێگانە
نامۆ لە داخی ئەم کۆردستانە
حەلاج هێشتا هەر بەۆ سێدارەوە
چاوەڕێت ئەکا لەو ئێوارەوە
ئەی خەم خورکەی ناو کوردەواری
لاوازی وەکوو سزای دڵداری
هەڵووی بەرزە فڕ دژ بە ئاژاوە
هەرتاکە لووتکە هێندەی نەماوە
چ جووانت فەرموو وەک پیرە مەگروون
سەر نانەۆێنی هەرگیز بۆ گەردوون
دڵسۆزی گەلوو هەۆز و نیشتمان
جێگات زۆر بەرزە لە ناوی دڵمان

هادی عەلیخانی:

## بە بونەی کۆچی دوایی مامۆستا جەلال مەلەکشا

ئەی کوردستانی غەمبار
پێم بڵـــێ بۆ ماتــــەمینی
هەموو ساڵێ لە پاییز
لەم کاتە چـــاو بە گریـــــنی
بڵێ فەڵەک واز بێنە
بـــۆ وازم لێ ناهێـــــــنی
لەم وەرزە بە بۆمەلەرزە
بە تۆپ باران ئەمڕووخـــێنی
یابەرگی ژینی کوردانم
وەک ـ مەلەکـشام ـ ئەدڕێـــنی
شێعر:هادی عەلیخانی
بە بونەی کۆچی دوایی
مامۆستا جەلال مەلەکشا
**
ئەی دڵ تۆ دیلی، خەمی ڕۆژگاری
زامێ تر هاتەو، نێو کـــوردەواری
ئەستێرەی ئەدەب، ئاسمانی کورد
بە هەزار داخەو، کۆچی دوایی کرد
دڵسۆزوغەمخۆر، گەل ونیشـــتمان
پـەژارەی خستە ، دڵی گشـــتمان

**ماهپارە ئەمینی:**

## بۆ کوچێ خاڵە جلالی مەلە کشاە


خوشەویستیت سەیر بوو لە هیچ خوشەویستی نەدە چوو تۆ لە ئاسمانی ژیانماندا جێگەی خۆت کردبوە وە
تو خەیاڵ و خولیا و خەون بوویت.
دڵنیا بووین دلوڤانێ وەک تو کەتمان نەئەکرا کاتێ
شێعرەکانت ئەهاتنە ژوری مالە کانمانەوە بەرەو
دنیای خوشەویستی و ئازادی و خاک و ئاو ..... ئەڕویشتین هەمو جاری بە شێعرەکانت وەرزەکانمان لێ دەگۆڕا زۆر جارِ شێعرەکانت زستانی سارد وسڕی ژیانمانی گڕم دا ئەگیرساند، مخابن ئیوارەیەکی خەیاڵاوی کە مژێکی خەستی خەم و پەژارە هەمو ولاتی داپوشیبوو .
دڵتەنگی داوێنی کراسی گوڵ زەردی شاری گرتبوو
لە ناکاو هەواڵیان هێنا
جلالی مەلە کشا کۆچی کرد.
بۆ! بۆچی؟ لە دوایی دایکی ئازیزی تاقەتی نە هێنا!؟
خودایەبۆ؟ حەیف وهزار حەیف بریا
دەمتوانی کارێکی بۆ بکەم ئای خودایە.....
بی دەنگ بووم بەسەر سوڕمانەوە تەماشای وینەکانی
ناو موبایلەکەم کرد دەنگی شکانی دڵی خۆمم بیست
هەواڵ دەڕی میدیا کان هەواڵیان دا بەیانی بارانێ
بەتین وتاو ئەبارێ لەوانەیە لافاولە شەقامو کۆڵا نە کانی
شار دورست بێت ئاگاداربن، تۆ بڵێی ئاسمانیش بۆ ئەو پیاوە مەزنە وا هە ڵگری مەشخەلی رێگای تێکۆشان و نەوەستان و کۆڵ نەدان بوو شین بگێڕێ.؟
دڵنیام کەوایە ئەی شاعێری مەزن دڵنیابە لە نێو تۆ تۆی دڵی کورداندا دەمێنیتەوە. مالئاوا

هەوال
ئەودەمانەی هەواڵی روێشتنت
بەگۆیی منوو شاردا گەیشت
چ بەهار بێ
چ پاییز بێ
دەنک دەنک
دەی ریژێتە شەقامو و شێو وخۆرە تاوو
دار گەڵای زەردوو من فرمێسکی چاوو!

## وێنەکان ئەدوێن





































**ئێمه نامێنین، وێنه دەمێنێ** **پێچەوانەیە ئاکاری دونیا**